# ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان

شێروان حسێن حمد[1] - تەلار صباح عمر[2]

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

کردەی ڕازیکردن لەدێرزەمانەوە هەبوە، مرۆڤ لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی بەتەکنیک و شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی ڕازیکردنی کەسی بەرانبەری داوە. ئەم پرۆسەیە، سەرجەم بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە و بەردەوامە. بەرهەمهێنی گوتار بۆ ڕازیکردنی کەسی بەرانبەر پێویستی بە تەکنیک و شارەزایی و لێهاتوی هەیە. بێگومان ئەمەش لەڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، هەربۆیە لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرهەمهێنەرانی گوتار لە هەوڵی ڕازیکردنی خەڵکدابون، بۆ ئەوەی ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێبکەن، چونکە گوتاری تەندروستی، پەیوەندی ڕاستەخۆی بە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵەوە هەیە، بۆیە ئەرکی حکومەت و دەسەڵاتە، کە کۆمەڵگا بپارێزێت و ڕێگری لەبڵاوبونەوەی هەر نەخۆشییەک بکات. هەر بۆیە لەکاتی دەرکەوتنی ئەم پەتا جیهانییەش لەسەرتاسەری جیهان و کوردستان بەتایبەتی گوتارەکان تایبەتکرابون بەتەندروستی و خۆپارێزی هاوڵاتیان، چونکە گوتاری تەندروستی ئەگەر لەلایەن بیروڕای زانستییەوە کۆنترۆڵکراوبێت، ئەوا لەڕوی واقیعی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی هەڵبژاردنی شێواز و ئەو وەسفەی کە ڤایرۆسەکەی پێدەناسرێ، لەلایەن بەرهەمهێنەرانی گوتارەوە کۆنترۆڵ ناکرێت، لەبەرئەوەی هەریەکەیان شێوازێکی ڕازیکردن بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی.

**کلیلە وشە:** ڕازیکردن، گوتاری تەندروستی، وێناکردن، هێز، سۆز.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper8

**Received:** 28-June-2022

**Accepted:** 04-Sep-2022

**Published:** 29-Sep-2023

**Corresponding Author's E-mail:**

sherwan983@uor.edu.krd

talar.sabah@koyauniversity.org

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

گوتاری تەندروستی یەکێکە لە جۆرەکانی گوتار، پەیوەندی ڕاستەخۆی بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵەوە هەیە، هەر کێشە و گرفتێک لەتەندروستیدا هەبێت، لەکۆمەڵدا ڕەنگدەداتەوە. هەر بۆیە بەرهەمهێنەرانی گوتار هەوڵدەدەن وەرگری گوتار لەڕێگای دەربڕینەکانیانەوە ڕازیبکەن، ئامانجەکانیان بهێننەدی، چونکە لەچوارچێوەی گرێچنی گوتاردا هەردو توخمی باوەڕپێهێنان و باوەڕکردن بەیەکەوە بەستراون بەرهەمهێنی گوتار لە کرداری پەیوەندیدا وا لە وەرگر دەکات، کە باوەڕی پێبکات و ڕازیبکات. (ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان) ناونیشانی ئەو بابەتەیە، کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵمانبژاردوە. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەشمان دەستنیشانکردنی بنچینەکانی ڕازیکردنی گوتاری تەندروستییە لە هەرێمی کوردستان، بۆگەیشتن بە ئامانجەکەشمان پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاریمان کردوە، نمونەکانیشمان لە گوتاری هەریەک لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستی و پارێزگاری هەولێر و پارێزگاری سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتی تەندوستی سلێمانی و سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە وەرگرتوە، کە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردییە. ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەمان جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دو بەش پێکهاتوە: لە بەشی یەکەمدا، باس لە گوتاری تەندروستی و ستراتیژیەتی ڕازیکردن وبنچینەکانی ستراتیجیەتی ڕازیکردن لە گوتاردا دەکەین. بەشی دوەمیش تەرخانکراوە بۆشیکردنەوەی گوتاری تەندروستی لەگەڵ شیکردنەوەی ئاماری و ڕێژەکانیان بۆ هەریەک لەو بەڕێزانەی کەناومان هێنان. لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و خراونەتەڕو.

## 1-1 گوتاری تەندروستی

گوتار چەمکێکی لێڵە، چونکە لە بوارەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و مرۆڤناسی و زۆر بواریتری زانستە مرۆڤایەتییەکان بەکاردێت. (Barbara 2008:1)

گوتار لەسەر بنەمای پەیوەندیکردن لەنێوان دو کەس، کە یەکێکیان نێرەرە ئەویتریان وەرگر ئەنجامدەدرێت، لەنێوان ئەم دوانەیەشدا پەیامێک هەیە، کە ئامانج لێی چەسپاندن و سەقامگیر و جێگیربونییەتی لەهۆشی وەرگر، ناوەڕۆکی پەیامەکەش لە گوتارێکەوە بۆ گوتارێکیتر جیاوازە، چونکە گوتار فرەڕەهەندە زۆر جۆری جیاواز لەخۆدەگرێت، وەک: کاروباری سیاسی، کاروباری کۆمەڵایەتی، کاروباری ئاینی، کاروباری بازرگانی، ڕاگەیاندن، ئەو بوارانەی تایبەتن بە پرۆسەی فێرکردن،...

تەندروستی باشبونی تەواوەتی حاڵەتی جەستەیی و هۆشەکی و کۆمەڵایەتییە، نەک تەنها نەساغی و نەخۆشی، واتە باشی و تەندروستی جەستەی مرۆڤ پابەند و پەیوەندیدارە بەو سیاقە دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی کە تیایدا دەژی.(المکاوی،2016،50) تایبەتمەندی گوتاری تەندروستی لێرەدا جەخت لەسەر وێناکردنی خەڵک بۆ تەندروستی و کردەی خۆپارێزی پێویست دەکاتەوە. جیاوازی ڕۆشنبیریش کاریگەری لەسەر ئاڕاستەی تاک بۆهەڵبژاردنی هەنگاونان بەرەو مردن، یان تەندروستییەکی باش هەیە.(سەرچاوەی پێشو، 43)

تەندروستی بەدرێژایی مێژو لایەنێکی گرنگی ژیانی تاک بوە، بوارێکی هاوبەشە، لەنێوان پزیشک و کۆمەڵ. دەورووبەری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەرونی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە باشی و خراپی تەندروستی تاک. چاودێری تەندروستی هەر بەتەنها ئەرکی تاکە لایەنێک نییە، بەڵکو کارێکی هاوبەشە لەنێوان یەکەکانی حکومەت و سیستەمی خەڵکی و پسپۆری دیاریکراو.

گوتاری تەندروستی لەبەرئەوەی پەیوەندی بە تەندروستی خەڵکەوە هەیە، دەشێ بەرهەمهێنی گوتارەکە کارمەندێکی حکومەت بێت، یان پزیشکێک بێت و گوتارەکەی ئاراستەی جەماوەر بکات. زمانی ئەم جۆرە گوتارە دەوڵەمەندە بە بەڵگەو وێنەی سەلمێنراو بۆ خستنەڕوی ڕاستییەکان، لەڕێگای بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی سادە و ساکار و دور لە ڕەوانبێژی.

لەڕێگای گوتاری تەندروستییەوە دەتوانین جۆری بیرکردنەوەی بەرهەمهێنەکە بزانین. ئەزمونەکانی مرۆڤ بەشدارن لەکاریگەری بیرکردنەوە، یارمەتی شێوازی پێشبینیکردن بیرکردنەوە دەدات، دەتوانێ لەڕێگای هەڵبژاردنی وشە و ڕستەکان بگات بە قوڵترین کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی. چ جۆرە ڕستەیەک بەکاردێنێ وەرگر چۆن وەریدەگرێت؟ پزیشکەکان باشترین بیری تایبەت بەوێناکردن دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاگاداربونێکی فراوان لەڕاستی زانستییەکانی پێشو یارمەتیدەرە بۆ ڕونکردنەوەی بیروڕای پزیشکی.

## 2.1 ستراتیجیەتی ڕازیکردن:

مەبەست لە ستراتیژیەت پلانێکی گشتگیرە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک، یان چەند ئامانجێک. بەرهەمهێنی گوتار بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی بەکاریدەهێنێت و هەوڵدەدات بە باشترین شێوە پەیامەکەی بگەیەنێت. (فۆکۆ) وا سەیری ستراتیژیەتی دەکرد "کارێکی هۆشەکییە، لەسەر گریمانەی پێشوەختە بونیادنراوە، لەڕێگای کەرەستە و ئامرازگەلێک، کە لەگەڵ سیاقی بەکارهێنانیدا بگونجێت و بەرجەستە بێت." (الشهری2004: 55) ستراتیژیەت هەمو کارێکی ڕێکخراو دەگرێتەوە، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو. (شارودو-منغو، 2008، 151)

ئەگەر سەیری مێژوی مرۆڤایەتیش بکەین دەبینین کردەی ڕازیکردن هەر لە کۆنەوە هەبوە، مرۆڤ لەسەرەتای لەدایکبونییەوە بەچەند قۆناغێک تێپەڕدەبێت. لەهەر قۆناغێک لە قۆناغەکان بەتەکنیک و شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی ڕازیکردنی دەدرێت. مرۆڤایەتی لەسەر ئەم بنەمای ڕازیکردن درێژەی بەگونجان و پێکەوە ژیانیداوە. ئەم پرۆسەیە، تاکو ئێستاش سەرجەم بوارەکانی ژیان گرتۆتەوە. وەک خۆشەویستی، پەروەردەکردن، سیاسەت، بازرگانی.... کەسانی ئاینی لەڕێگای هێنانەوەی دەقی قورئانی، یان فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ)، هەوڵدەدەن جەماوەرەکەی ڕازیبکات. بازرگانێک لەڕێگەی بانگەشەکردن بۆ کاڵاکانیان هەوڵدەدات خەڵکی بۆ کڕینی کەلوپەلەکانیان ڕازیبکەن، هەروەها پزیشکەکان هەوڵدەدەن نەخۆشەکانیان ڕازیبکەن، کە لەژیان گەشبین بن و بەخواردنی دەرمانەکان چاکدەبنەوە، بۆ هەمو بوارەکانیتریش بەهەمان شێوەیە.... هەمو ئەمانەش لەڕێگای دەربڕینە زمانی و نازمانییەکانی وەک (هێز و ئاوازەو وەستان) و زمانی جەستە ئەنجامدەدرێت.

قسەکەر بۆ ڕازیکردنی کەسی بەرانبەر پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوی هەیە. ڕازیکردن کردەیەکی ئامانجدارە، بۆ مەبەستێک ئەنجامدەدرێت. (ڕازیکردن هونەری دواندنی خەڵکە بەئامانجی کارتێکردن). (السویدان 2017 :16)

ئەم هونەرەش پشت بەهەردو لایەنی لۆژیک و زمان دەبەستێ، واتە قسەکەر تا چەند دەتوانێت لەڕێگەی زمانەوە گوێگر (وەرگر) ڕازیبکات، نابێت ئەوەش لەبیربکەین هەریەک لە ئاین و بیروباوەڕی تاک و پێویستی ژیان ڕۆڵی سەرەکیان لە کردەی ڕازیکردن هەیە. زمان هەندێکجار بۆ دەربڕینی هەست و سۆز، یان بۆ هەواڵدان، یان فەرماندان، یان ئاراستەکردن، یان... بەکاردێ، هەمو ئەمانە مەبەستێکی تری لە پشتە، کە ئەرکی ڕازیکردنە، واتە ڕازیکردن جگە لەوەی بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤی گرتوتەوە لەهەمانکاتدا ئەرکێکە لە ئەرکەکانی زمان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی زمانیش پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و باری دەرونی و کات و شوێن و بۆنەو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری، ڕۆڵ دەبینین لە چۆنییەتی کارتێکردنی کەسی بەرانبەر و ڕازیکردنی. (شەمس، 2006، 63-66) کەواتە ڕازیکردن کردەیەکی ئەقڵییە تاک بەکاریدەهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی مێشکی بەرانبەر. (دزەیی، 2013: 11)

ڕازیکردن بە دو شێواز ئەنجامدەدرێت، یەکەمیان ڕێگای ڕاستەوخۆیە بۆ هاندانی وەرگر بەپشتبەستن بە ئەرگومێنت و لۆجیک. ڕازیپێکەران زۆر لە خەڵک دەکەن بۆ ڕازیکردنیان بەهۆی چالاککردنی ئارەزوەکانیان و نیشاندانی لۆژیکی پشتەوەی بیرۆکەکان، کە ئەوەش لە شێوەی و بۆگەنیکردن و دوبارە زۆر لێکردنی ڕاوبۆچون دەگرێتەوە خۆی. دوەمیان ڕێگای ناڕاستەوخۆیە، کە بریتییە لە بازدان لەسەر لۆجیک لەڕێگای پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری. (سەرچاوەی پێشو: 37) یان لەڕێگای بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و فرەواتای بۆ نمونە: شارەکەمان پیسە.

لێرەدا بەرهەمهێنی گوتار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی فرەواتایی هەوڵدەدات کە وەرگر ڕازیبکات، وەرگر بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر دەزانی کە قسەکەر مەبەستی پیسی و پۆخڵی زبڵ و خاشاکە، یان مەبەستی کەسانی ناپاکە لەناو شارەکە.

## 3.1بنچینەکانی ستراتیجیەتی ڕازیکردن لەگوتاردا

لەگوتاردا بەرهەمهێنی گوتار هەوڵدەدات وەرگری گوتار ڕازیبکات. چونکە ڕازیکردن یەکێکە لە کلیلەکانی سەرکەوتن. ڕازیکردنیش بەندە بەچەند تەکنیکێکەوە وەک ئاخاوتنی سۆز وعەقل و دەرون و ویژدان، کە لەڕێگای یەکێک، یان زیاتر لەم ستراتیژانە ئەنجامدەدرێت. ڕازیکردن کرۆک کردەی گەیاندنی کارلێککردنە. (عرابی2014 :2) بەشێوەیەکی گشتی چەند بنچینەیەک بۆ ڕازیکردن هەیە:

1.3.1- ڕازیکردن لەڕێگای کۆدە دەربڕدراوەکان (فۆنیمە ناکەرتییەکان و زمانی جەستە): کۆدە دەربڕدراوەکان هێما ناگوتەییەکان دەگرێتەوە، لەزمانی جەستە وەک جوڵەی دەم و چاو سەر و دەست تۆنی دەنگ و هێز و ئاواز، کە ناچنە ناو فۆنیمە کەرتییەکانەوە و بە پارازمانی ناسراون وەک پێکەنین، گۆڕانی دەنگ، خێرا و هێواشی قسەکەر، ...لایەنی دەرونی وکات و شوێن حوکم لەسەر دەربڕینە نازمانییەکان دەکات. (فتاح 1990: 21) لە لێکۆڵینەوەکەمان ئاماژە بەم بنچینەیە ناکەین، چونکە کەرەستەی توێژینەوەکەمان هێما زمانییەکانە نەک هێما نازمانییەکان.

### 2.3.1 بەڵگە:

بۆ ئەوەی کردەی ڕازیکردن و کارلێک لەنێوان وەرگر و بەرهەمهێنی گوتار دروستبێت، پێویستە بەرهەمهێنی گوتار، بەڵگەی پێویستی بۆ ئەو بابەتە بخاتەڕو، کە باسی دەکات. واتە بەرهەمهێنی گوتار بەمەبەست لەڕێگای خستنەڕوی بەڵگەکان هەوڵدەدات وشەکانی خۆی بیسەلمێنێت و وا لە جەماوەر بکات، کە باوەڕیپێبکات، ئامانج لەبەکارهێنانی بەڵگە لە گوتاردا ڕازیکردنی خەڵکە. زانایانی پڕاگماتیک جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ڕەفتاری جەماوەر بەرانبەر گوتار بەپلەی یەک دەمێنێتەوە سەر ئەو بەڵگانەی کە بەرهەمهێنی تێدا بەکاردەهێنێت. (شارودو منغنو 2008 :12) هێنانەوەی بەڵگە لەگوتاردا بەهایەکی زیاتر بەگوتارەکە دەبەخشێت. کاریگەری گەورە لەسەر دەرون و ویژدان و عەقڵی تاکەکان جێدەهێڵێت چ بەزمان، یان بە وێنە بێت. بەڵگەش دو جۆرە:.

## 1.3.2 1 بەڵگەی ئامادە

وەک بەکارهێنانی ئایەتی قورئانی، یان فەرمودەی پێغەمبەر، یان دەقێکی یاسایی و دەستوری، یان دانپیانان و گەواهیدی، یان قسەی دادوەرەکان، پەندو شێوەکانی، یان شیعری شاعیران دەکەنە بەڵگە بۆ خستنەڕوی بیروباوەڕەکانین بۆ ئەوەی سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت بۆ گوتارەکەی. (عكاشة 2005 :166)

((من دەمەوێ یەکێک لەسەرژمێریەکانتان بدەمێ لەماوەی یەک کاتژمێر لەیەکێک لەخاڵەکانی داخیلبونی شاری هەولێر سەرژمێریەک لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆ تیمەکانی زێرەڤانی کراوە لەیەک کاتژمێردا لە 600 ئۆتۆمبێل 99مان ڕۆژنامەنوس بونە ڕاگەیاندکاربون 120 و هەندەی دەزگای ئەمنییەکان بۆ 100 ونازانم چەندەی تیمەکان تەندروستی بوە)). (وەزیری ناوخۆ)

## 1.3.2 ب . بەڵگەی دروستکراو

هەمو ئەوانەی دەتوانین ئامادە بکرێت بەماندوبونی خۆمان بیاندۆزینەوە. (العمرى 2002: 24) مەبەست لە بەڵگەی دروستکراو ئەوەیە، کە نێرەر لەڕێگای بەرانبەرکردنی واتای هەڵوێست و ڕەوشی ڕوداوەکان بەرانبەر یەک بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەرهەمهێنی گوتار واتای دژەکەی دەهێنێت. (عكاشة 2005: 166-167) وەکو بەرانبەرکردنی ڕەوشی تەندروستی لەکوردستان لەپێش سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لەگەڵ دوای هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەراورد بکە. بەرهەمهێن بەمەبەست ئەمە دەکات بۆ ئەوەی گوتارەکەی زیاتر ڕونبکاتەوە بەکارهێنانی باشییەکان بەیاننامە و وێناکردنەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەهەستی وەرگر بکات و سەرنجی ڕابکێشێت.

((ئەو ڕێکارانەی دەگرینە بەریش هەموی لەبەر سەلامەتی ئێوەیە بەتایبەتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەپێناو ئەوەیە کەمترین پەیوەندی هەبێ ئەوکەسانە بدۆزرێنەوە کە هەڵگری ڤایرۆسەکەن بۆئەوەی کەسانیتر توشنەبن)) (وەزیری ناوخۆ)

((دەتوانین دلیڤەری بۆ سەوزەوات دابنێین؟ بەڵێ دەتوانین بەڵام ناتوانین هەمو ئەوانە لەئیش دابن و پرۆسەکە جێبەجێبکەین)) (وەزیری ناوخۆ)

## 1.3.3 ڕازیکردن لەڕێگای هۆشەوە:

زمان و هۆش بنەمای جیاکردنەوەی مرۆڤە لەگەڵ گیانلەبەرەکانیتر، مرۆڤ لەڕێگای بەکارهێنانی کۆدێک، کە هەڵگری واتایە دەتوانێت دەستەمۆی هۆشیاری و ژیری گوێگر بکات. (عەبدولرەحمان 2009: 43) پێویستە بەرهەمهێنی گوتار ئەوەی لەبەرچاوبێت، کە وەرگری گوتار لەچ ئاستێکدایە. ولێکدانەوەی چۆن ئەم هێمایانە لەم پرۆسەیەدا بەکاردەهێنێت. هێماکانیش هێمای زمانی و نازمانی و وێنەکان دەگرێتەوە، کە ئەمانە بەشدارن لە ڕازیکردن و گۆڕینی بیروبۆچونەکانی وەرگر، هەروەها پێویستمان بەبەڵگە و سەلماندن و بڕیاری لۆجیکی و خستنەڕوی کەموکورییەکان هەیە. ((ژمارە و سەرژمێری و ڕێژە ڕۆڵێکی کاریگەریان لەسەر قسەکەر هەیە)). (دزەیی 2013: 44) لەهەمانکاتدا پێویستە وەرگریش لەکردەی ڕازیکردندا(هۆش)ی بەکاربهێنێ، چونکە بەکارنەهێنانی هۆش دەبێتە هۆی زیانپێگەیاندنی.

پزیشکەکان لە گوتارەکانیانەوە هەوڵدەدەن لەڕێگای هۆشەوە وەرگری گوتار ڕازیبکەن، بۆئەوەی بڕیارەکانی لیژنەی ڕووبەڕوبونەوەی کۆرۆنا جێبەجێبکەن، پەیرەوەی یاسا بکەن، پابەندی بنەمانی خۆپاریزی بن، بۆ ئەوەی دوربن لە زیان. ئەگەر سەیری ئەم گوتارە بکەین:

((هەشتا توشبوی کۆرۆنا لەهەولێر لەژێر چاودێری چردان و دۆخیان ناجێگیرە)). (دلۆڤان محەمەد)

دەبینین لەم گوتارانەدا بەرهەمهێنی گوتار هەوڵدەدات لەڕێگای هۆشەوە بە ئاماژەکردن بە ژمارەی توشبون وەرگر ڕازیبکات، کە خۆپارێزی ئەنجامبدەن، چونکە کۆرۆنا مەترسیدارە و دەبێتە هۆی گیانلەدەستدان.

### 4.3.1 ڕازیکردن لەڕێگای سۆزەوە:

لەناخی هەمو مرۆڤێکدا سۆزێک هەیە، کە هۆکاری ڕازیکردن و بەدەستهێنانی مەبەستەکانی مرۆڤە. هەندێکجار لەگوتاردا بەرهەمهێنی گوتار پشت بەپەیوەندییە سۆزدارییەکان دەبەستێ بۆ ئەوەی کاریگەریەکەی زیاتر بێت. واتە قسەکەر کاتێک بیەوێت لەڕێگای سۆزەوە خەڵکی ڕازیبکات پەنا بۆ سەرچاوەکانی سۆز دەبات. وەک گوزارشتکردن لەپەیوەندی دۆستانە و پەیوەندی خزمایەتی نێوانیان. (عەبدولرەحمان 2009: 44) پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، جوڵانی هەست و سۆزی وەرگر لەگوتاردا لەڕێگای بەکارهێنانی وشەی هاندەر و وروژێنەرەکانەوە دەبێت. چونکە بەکارهێنانی وشە هاندەر و ورژێنەرەکان زیاتر سەرنجی وەرگر ڕادەکێشێت، هەربۆیە لەکاتی گوتاردان بۆ ڕازیکردنی کەسی بەرانبەر، بەرهەمهێنی گوتار وشەو ڕستەی هاندەری وا بەکاردەهێنێت، کە کاریگەریی لەسەر وەرگری گوتار هەبێت و بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم وشانەوە کاریگەری بخەنە سەر هەست و سۆزی تاک، عەقڵ ویژدانی وەرگر بۆ لای مەرامەکانی خۆیان ڕایانبکێشێت و ڕازیان بکات. ئاوەڵناو بە هەمو جۆرەکانییەوە (بارستایی، ڕەنگ، ڕواڵەت،...)، لەو وشانەن، کە سەرنجی وەرگر بۆلای خۆیان ڕادەکێشن. (عمر 2013: 61) جگە لەوشەی هاندەر و وشەی وروژێنەر هەڵبژاردنی وشەی ڕێزدارەکانیش کاریگەریان لەسەر هەست وسۆزی بەرانبەر هەیە، وەک (بەڕێز، کاک، خوشک و برا، گەورەم، هێژا،...)

((بەهیوای ئەوەی هەمو سەلامەت و لەشساغ بن بەهیوای ئەوەی ئەوانەی توشی ڤایرۆسی کۆرۆناش بونە لەماوەیەکی کەم چاکدەبنەوە دەگەڕێنەوە ناو ماڵ و خێزانەکانیان)) (وەزیری ناوخۆ)

ئەگەر سەیری ئەم گوتارە بکەین دەبینین بەرهەمهێنی گوتار ئاوەڵناوی(سەلامەت، لەشساغ، کەم) بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی کار لە سۆز وەرگر بکات.

لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی ڕوبەڕووبونەوەی کۆرۆنا و زۆرێک لە پزیشکەکان، پەنایان بردە بەر وروژاندنی هەست و سۆزی وەرگر چ لە ڕێگەی پیشاندانی وێنەی نەخۆشخانەکان و لەدەستدانی ئازیزان و چۆنیەتی ناشتنی مردوانی کۆرۆنا، یان لەڕێگای بەکارهێنانی ئاین، کە داوایان لەمەلای مزگەوتەکان کرد سۆزی هاووڵاتیان بجولێت، بۆ خۆپارێزی بۆ ئەوەی لەڕێگە مەلاکانەوە داوا لە خەڵکی بکرێت پابەندی ڕێنمایەکان بن و دورکەونەوە لە قەرەباڵغی بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان و ئازیزانیان، چونکە سەرنجراکێشانی ئاینی وتەی مەلاکان لەناو کۆمەڵگای کوردی تاکو ئێستاش کاریگەریەکی یەکجار گەورەی لەسەر خەڵکی هەیە. هەرچەندە یەکەم کەس لە هەرێمی کوردستان، کە بە کۆرۆنا کۆچی دوای کرد، مەلایەکی ئاینی بو لەشاری سلێمانی.

### 5.3.1 ڕازیکردن لەڕێگای ترسەوە:

ترس هەڵچونێکی زگماکییە لەهەمو کەسێکدا هەیە. لەگەڵ لەدایکبونی مرۆڤ لەدایک دەبێت. بەڵام ڕێژەکەی جیاوازە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر.

ترس بریتییە لە حاڵەتێکی شڵەژانی بەهێز کە ترساو بە توندی دەهەژێنێ و توانای بیرکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی دەرونی نامێنێت، بەرانبەر بونێکی ڕاستەقینە، یاخود پێشبینیکراوی مەترسی و ئازار، ئەمەش پەیوەندی بە عەقڵ و جەستەوە هەیە، تۆ ناترسی تا درک بەبونی مەترسی نەکەیت، کە هەرەشەیە لەسەر مانەوەت، (شاکر 2015: 167) پاڵنەری ترس ئاماژەیەکی هۆشەکییە سەرەڕای ئەوەی حاڵەتێکی هەڵچونی گوزارشتکردنییە، ترس تەنها لەلای منداڵ و هەرزەکار و کەسانی سادەدا نییە، بەڵکو ترس لەلای گەورەکانیش بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی پێگەی بەرزی ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستین هەیە. ئەمەش وادەکات ترس ببێتە هۆکارێک بۆ ڕازیکردنی تاکەکان. لەسەرەتای پەیدابونی کۆرۆنا ترسێکی بەرز لەنێو خەڵکیدا پەیدابو سەبارەت بەم نەخۆشییە بەتایبەتی لای پزیشەکان و کەسانی شارەزا، تەنانەت لە گوتارەکانیش لەسەرەتای پەیدابونی پەتاکە ترسێکی یەکجار زۆر لە گوتارەکان بەدیدەکرا، بەڵام لەهەمان کاتدا خەڵکانێک هەبو ئەو ترسە زۆرەیان نەبو. ترسیش پەیوەندی بە چەند شتێکەوە هەیە جۆری کەسایەتی و گرنگی بابەت و پێشینەی ڕاستگۆی. (عەبدولرەحمان 2009: 45-46) یەکەمیان جۆری کەسایەتییە، کە بەرهەمهێنی گوتار و وەرگری گوتار دەگرێتەوە، تا چ ڕادەیەک ترسیان هەیە. ترس ڕۆڵێکی گرنگی لە دەستەمۆکردن و ڕازیکردن هەیە. ئەوەی دوەم گرنگی بابەتەکە ئایا بابەتەکە تا چ ڕادەیەک گرنگە جێگەی مەترسییە، یان نا؟ کۆرۆنا هۆکاری کەرەنتینەکردنە بەشێک لە خەڵکی کوردستان باوەڕیان بە بڕیاری کەرەنتینە نەبو، بەڵام لەبەر گرنگی بابەتەکە ناچاربون کە پابەندبن. کۆتا شت کە پەیوەندی پێوە هەیە. ڕاستگۆیی سەرچاوەیە، ڕاستگۆیی دەبێتە هۆی دروستبونی متمانە و ڕەواندنەوەی ترس هەبونی پێشینەی ڕاستگۆیی لەزەینی وەرگردا دەبێتە هۆی پتەوی و نەمانی ترس لە هەستی گوێگر بەپێچەوانەشەوە ڕاستە. کۆرۆنا پێشینەیەکی ترسناکی لەسەر ژیان و ڕەوشی تەندروستی جیهان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دانابو، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەست و وروژاندنی ترس لەلای گوێگر هەبو.

((لەقۆناغێکی زۆر مەترسیداری کۆرۆناداین و لەماڵەوە بمێننەوە)). (پارێزگاری سلێمانی)

### 6.3.1 ڕازیکردن لەڕێگای دووبارەکردنەوە:

مەبەست لە دووبارەکردنەوە دووبارەکردنەوەی پەیامە لەلایەن قسەکەر بۆ ڕازیکردنی وەرگر.(عەبدولرەحمان 2009: 47) دووبارەکردنەوەی پەیام دەبێتە هۆی وروژاندنی هۆش و سۆز بەمەش جۆرێک لەباوەڕ دروستدەکات و کردەی ڕازیکردن ڕوودەدات، دووبارەکردنەوە جۆرێکە لە جەختکردنەوە وا لە وەرگر دەکات، کە ئاگاداری قسەکەر بێت و گومانی لە قسەکانی نەمێنێت، جا دووبارەکردنەوەی ناو، ئاوەلناو، کردار،...

ئەگەر تیشکی سەرنج بخەینە سەربەشێک لە گوتار پزیشکەکان دەبینین دووبارەکردنەوەیەکی زۆر بەدیدەکرێت لە وتەکانیاندا، ئەمەش بۆ نەهێشتنی گومانە لە دڵی وەرگردا بۆ ئەوەی پابەند بێت بەرێکارە تەندروستییەکان بۆ نموونە:

ژمارەی توشبوان و کۆچکردوان زۆربێت یاکەم <u>کۆرۆنا هەیە</u>. متمانەمان بە حکومەت هەبێ یان نەمابێ ڤایرۆسی <u>کۆرۆنا هەیە</u> موچە هەبێ یان نەبێ <u>کۆرۆنا هەیە</u> (شایان عەسکەری)

لێرەدا ئەم دکتۆرە بەدووبارەکردنەوەی (کۆرۆنا هەیە) جەخت لەسەر بونی ڤایرۆسەکە دەکاتەوە بۆ ڕەواندنەوەی گومان لەلای ئەو کەسانەی، کە پێیانوایە ئەم ڤایرۆسە نییە.

### 7.3.1 ڕازیکردن لەڕێگای هێز و دەسەڵاتەوە:

چەمکی هێز بابەتێکی سەرنجڕاکێشی قسەکردنە. فۆرمی کۆنترۆڵی کۆمەڵگایە. (هێز بریتییە لە ڕێگایەک، کە تیایدا مرۆڤ بەمەبەستی کاریگەری و کۆنترۆڵی یەکتر بەکاردەهێنن). (Farfan Holzscheiter 2011, 140 and). بە گوێرەی **مۆریس** ((هێز هەموو کات بۆ بیرۆکەی تواناو بازو، یاخود نا جێگیری شتەکان دەگەڕێتەوە)).(morris 2002:283)

هیچ گوتارێک بەبێهێز نییە، لەگەڵ ڕاهێنان. واتس ئاماژە بەوە دەکات A کە ڕاهێنانە هێزی هەیە بە سەر B کاتێک A کاریگەری دەبێت بە سەر B لە ڕوانگەی دژیەکەوە B بە شێوەیەکی سەرەتا پێشبینی بەرژەوەندی دەکات بەبێ گوێدانە B دواتر دێت بۆ ڕازیبون بە کرداری A. لە ڕوانگەی ئەوەی A لەوەیە کاریگەری هەبێت بە سەر B بە چەندین ڕێگا وەکو یاریکردن بە بارودۆخەکە، یاخود بیرۆکەکە فراوان دەکات، بەوەی کەوا B هیچ هەڵبژاردەیەکی تری نییە، بەڵام بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانی فراوان بێت، یاخود بەرژەوەندی بارودۆخ ئەوەی نوێنەرایەتی A دەکات. (watts 1991:62)

پەیوەندی نێوان هێزو گوتار ئەوە دەردەخات، کەوا هێز بەرهەمهێنراوە و کێشبرکێکەر و داخراوە بە ناو گوتار(discourse)دا. هێز بەرهەمهێنەر و دەربڕینە، **(واتس)** قسە لەسەر ئەوە دەکات کەوا هێز پەیوەست نییە بە هێزی تاک کەوا وەک بارانی دارستان کاریگەری هەبێت بەسەر ئەوانیتر، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستە بە توانای تاک، یاخود کۆمەڵە بە بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە دەیانەوێت.(watts 1991:60)

**ڤان دایک** ڕونکردنەوەی داوە لەسەر هێز پێیوایە هێز لە کۆمەڵگای دیموکراتییەکان پشت بە هەژمونی دەستبەسەرداگرتن دەبەستێ. کەتیایدا چینی زاڵی کۆمەڵ هەمو چینەکانیتر دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هێزی دەسەڵات کۆنترۆڵی مێشک، یان کۆنترۆڵی دەق دەکات. بە شێوەیەکی زۆر ئاسان پێناسەی هێزی کۆمەڵایەتی دەکات. هەروەک دەستبەسەرداگرتنی یەکێ لە کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەسەر و مێشکەوەیە:

زانیاری، هەست، بەها، ڕا، بیروباوەڕ، هەروەها بابەتی تاکەکانە لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگا و گروپەکانیتر، یان ئەندامەکانیان لە زۆربەی وەرگیراوەکان، یاخود ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری لەگەڵ پەیوەندیکردن دەکات.(van Dijk 2008:9)

سەبارەت بە دەسەڵاتیش، دەسەڵات هەر تەنها لە لوتکەدا نییە. هەمیشە هەڵقوڵاوی سەرچاوە باڵاکانی دەوڵەت و فەرمانڕەوا نییە، بەڵکو لە هەمو شوێنێکدا، کە مرۆڤ هەبێت ئەوا دەسەڵاتیش هەیە، بنەمای دەسەڵات و هاوکاری لەکلتوردا بەدیدەکرێت. (عەلی ـ حەمەئەمین 2006: 57) هەمو کۆمەڵگایەکیش بەپێی سیستەم و کەلتورەکەی شێوەی جیاجیای دەسەڵاتی تێدایە، بۆنمونە ئەو دەسەڵاتەی لای مامۆستایەکی زانکۆیە جیایە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی لای فەرماندەیەکی سەربازی هەیە.

کاریگەری تاکەکانی کۆمەڵ و بەرجەستەکردنی ئەو دەسەڵاتە لەڕێگای زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت. زمان هەر تەنها وەک ئامرازێک سەیر ناکرێت، بەڵکو ڕۆڵیش دەبینێت و دەسەڵاتیش وەردەگرێت ئەم دەسەڵاتەش کاریگەری لەسەر زمان و شێوازی قسەکردن دەبێت، ((چونکە ئەو تاکانەی خاوەنی پێگەی سیاسین دەسەڵاتیان، تەنها لەسنوری حکومەت و پەرلەمان و دەوڵەتدا نییە، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە دێتە ناو پەیوەندییە کەسییەکان)). (عەبدولرەحمان 2009 :69)

کەسی خاوەن دەسەڵات بەشێوازێکی تایبەت قسەدەکات، کە باڵادەستی پێوەدیارە و لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا وشەکانی میر بەگم، ئاغا، قوربان، جەناب... بەکاردەهێنێت و لەهەمان کاتیشدا هێز لەسەر وشە و بڕگەکانی بەئاسانی درکی پێدەکرێت (عەلی ـ حەمەئەمین 2006: 57)، واتە ئامرازی بەرجەستەکردنی و جێبەجێکردنی ئەو دەسەڵات و پێگە جیاوازانە لەناو کۆمەڵ لەڕێگای زمانەوە ئاراستەی ئاخێوەرانی دەکرێت.

کەواتە، دەسەڵات بریتییە لە پێگەی جیاوازی تاک لەناو کۆمەڵ، ئەو پێگەیەش وادەکات کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر زمانی تاکەکان هەبێت.

پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگریش وەک یەک نییە، هەندێک لە پەیوەندییەکان ستونییە، واتە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە هەندێکی تریان لە پەیوەندییەکان ئاسۆییە واتە هاوشانن، هەندێکی تریان نزمە واتە خوارەوە بۆ سەرەوە، ئەم پەیوەندییانەش کاریگەریان لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنیان ڕازیکردنی بەرانبەر دەبێت، چونکە زمان تەنها ڕێگایەک نییە بۆ دەربڕین و بیرکردنەوە، بەڵکو دەتوانێت بڕیار و فەرمانی جیاواز دەربکات و کردەی ڕازیکردی کەسە بەرانبەر ئەنجامبدات. بۆنمونە پەیوەندی نێوان وەزیری تەندروستی لەگەڵ بریکارەکەی و بەڕێوەبەرەکانی پەیوەندیەکی ستونییە شێوازی قسەکردنەکەیان جۆرێک لە هێزو دەسەڵاتی تێدایە، بەڵام پەیوەندی نێوان دو فەرمانبەری یەک هۆبە پەیوەندیەکی ئاسۆییە.

مەسرو بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەحوکمی پێگەکەی لەکاتی بڵاوبونەوەی کۆرۆنا کاتێک گوتاری پێشکەشکرد، بە زمانێکی نەرمونیان و داوای لە هاووڵاتیان کرد کە پابەندی ڕێنمایەکان بن.

((داوا لە هەمو خوشک و برا هاونیشتمانیەکانم دەکەم پابەندی ڕێنمایە تەندروستییەکان بن و تەندروستی خۆیان و کەسوکاریان و خەڵکی تریش لەژێر کاریگەری ئەو پروپاگەندانە نەخەنە مەترسیەوە سەلامەتی ئێوە بۆ ئێمە لەهەمو شتێک گرینگترە)).(مەسرور بارزانی)

خاوەنی ئەم دەربڕینە لەپلەیەکی بەرزی دەسەڵاتدایە داوا لەخەڵکی دەکات پابەندی ڕێنماییەکان بن و تەندروستی خۆیان و کەسوکاریان بپارێزن، کەداواکەی فەرمانە.

لەبەر ئەوەی ئەمساڵ حاجیمان نییە جەژنی قوربان ناکرێت و ئەو مەراسیمانەی تایبەتن بە جەژن پێویست نیین. (ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ)

کورد نەتەوەیەکی موسڵمانە و پابەندە بە جێبەجێبکردنی بۆنە ئاینییەکان بەتایبەتی مەراسیمی نوێژی هەر دو جەژنی ڕەمەزان و قوربان، وەزیری ناوخۆ لەکاتی بڵاوبونەوە و تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەڕێگای هێز و دەسەڵاتەوە ڕێگا نادات مەراسیمی جەژن جێبەجێبکرێت، ئەویش بە درێژکردنەوەی قەدەغەی هاتوچۆ و بەردەوام بونی کەرەنتینە.

## 8.3.1 ڕازیکردن لەڕێگای میتافۆرەوە:

لاکۆف پێناسەی میتافۆری چەمکی کرد بەوەی گواستنەوەیە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر بەبەکارهێنانی شێوەکانی بیرکردنەوە ئەو چەمکانەی کە لە بوارەکەدا هەیە مەزراندنیان لە بوارێکی تردا بۆ دەکات. لاکۆف وایدەبینی بەڕێژەیەکی زۆر ئەم میتافۆرانە جێگیربی لە چەمکی مرۆیدا هەزارەها لەم میتافۆرانە بەشدارن لەشێوازی بیرکردنەوەمان مرۆڤ بەبێئاگای و بێماندوبون بەکاریان دەهێنێ لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لەتێروانینمان بۆ جیهان.(LakoffG. 1980:37)

میتافۆری چەمکی ئەو ڕێگایانە شیدەکاتەوە، کە خوازەکە کاردەکات لەڕێگای پێشنیازکردنی ئەوەی کە خوازە ڕێگە بەبیرکردنەوە دەدات دەربارەی شتێک قسەکردن دەربارەی ئەم شتە بە وشەی شتێکیتر لەڕێگای بەستنەوە. لەشیکردنەوەکەیدا لاکۆف جیاوازی نێوان یەکەم بواری سەرچاوە(Source Domain) (زانیاری بەرجەستە) دوەم بواری ئامانج (Target Domain) (زانیاری نابەرجەستە نییە) سێیەم پرۆسەی بەستنەوە (Mapping) کە بریتییە لە نەخشاندنێکی (Correspondence) تۆکمە لەنێوا خاسیەتە پێکهێنەرەکانی بواری سەرەکی و بواری ئامانج هەیە. بەشێکی زۆری خەسڵەتەکان، یان چەمکەکانی بواری ئامانج لە خەسلەتەکان، یان چەمکەکانی بواری سەرەکی وەردەگیرێن، کە لەبنەڕەتدا بەواتای لەبواری ئامانج بونیان نییە. بۆ تێگەیشتن لە میتافۆری هۆشەکی پێویستە لەو چەند زنجیرە نەخشاندنە تێبگەین، کە لەنێوان بواری سەرەکی و بواری ئامانج ڕودەدەن، لەهەمان کاتیشدا ئەو زنجیرە نەخشاندنەی نێوان بوارەکان واتا دەبەخشنە میتافۆرەکان.(Jawad 2010:127)

واتە درککردنی بواری ئامانج و چەمکەکەیەتی کە لەڕێگایەوە بەبواری سەرچاوە دەبەسترێتەوە پرۆسەی بەستنەوەکەش بەچەند تایبەتمەندیەک دەبێ لەبەستنەوەی سەرچاوە بە ئامانجەوە.(عماد 2012: 123)

میتافۆری چەمکی پرۆسەیەکی هۆشەکی خودکارانەیە، پەیوەندی کۆمەڵێک میتافۆری لەزمانێکدا لەئاستی بیرکردنەوەو هۆشەکی مێشکی مرۆڤ دەخاتەڕو، بەڵام لەئاستی زمانەوانی و دەربڕینەوە دەردەکەون و دەردەبردرێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەمو نەخشاندنە مەعریفییەکانی وەک کات، بۆشای، جوڵە، پارسەنگکردن، خستنەبەرچاو لەیەک سەرچاوە دروستدەبن ئەویش بەریەککەوتنی ئەزمونی کەسی مرۆڤەکانە.

بواری ئامانج هەمیشە بابەتێکە، یان شتێکە کە بەرجەستەنییە بەپێچەوانەوە بواری سەرەکی کە بوارێکی بەرجەستەیە و مرۆڤ بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەیە. بۆنمونە ڕۆژانێک (بواری ئامانجە و بەرجەستەنییە)

لەپیشە، یان بەخشینی کات، پشت بە چەمکێکی بواری سەرەکی دەبەست بۆ ئەوەی واتاکانیان ڕونبکاتەوە. بۆیە لەم نمونە بواری ئامانج بەڕێوەیێکی بەرجەستە وەک ڕێگە دەچوێنرێت بۆ ئەوەی واتاکەی ڕونبکرێتەوە، یان ڕۆژانێک بەمادەیەک دەشوبهێنرێت کە دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت یان بکرێتە دیاری. (Jawad 2010:127)

میتافۆری چەمکی بریتییە لە یەک ئاڕاستەی (Unidirectionality) بەپێی ئەم ڕێسایە پرۆسەی نەخشاندنی زەهنی هەمیشە تاک ئاڕاستەیە، واتە لەبوارێکی بەرجەستەیی و هەستپێکراوە (بواری سەرەکی) بۆ بوارێکی درکپێکراو هەستن پێنەکرا، یان واتاییە (بواری ئامانج) نەک بە پێچەوانەوە. بەپێی ئەم ڕێسایە پرۆسە زهنی هەمیشە لە بوارێکی بەرجەستە و هەستپێکراو دەستپێدەکات بۆ بوارێکی واتای هەستپێنەکراو.( Jawad 2010:128) بۆنمونە ((ئەو جەنگە جەنگی مرۆڤ و دوژمنێکی نەبینراوە)). (دەوەن حەویزی)

بواری سەرەکی: جەنگ

بواری ئامانج: دوژمن

نەخشاندن: شەڕکردن

نەخشاندنی مەعریفی شەڕکردنی مرۆڤە لەکاتی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەڕێگای ئەزمونی مرۆڤەکانەوە بەدیدەکریت. بواری ئامانج کە بوارێکی بەرجەستەنییە ئەویش چەمکی دوژمنە، دوژمن هەمیش لە شێوەی شاراوەیە بواری سەرەکی شەڕە کەبوارێکی بەرجەستەیە شەڕکردن کردەیەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەنجامدەدرێت ئەم میتافۆرە تاک ئاڕاستەیە، چونکە لەبوارێکی هۆشەکی تاک ئاڕاستە، کە جەنگە دەڕوات بۆ بوارێکی نابەرجەستە، کە دوژمنە نەبینراوەکەیە.

## 1.2 ئامار و شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

دوای وردبونەوە لەسەرجەم ئەو کەرەستە خاو (گوتاری تەندروستی)انەی، کە لەسەردەمی دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا پێشکەشکران. بەحوکمی ئەوەی، کە تەندروستی پەیوەندی بەهەمو تاکێکی ئەم هەرێمەوە هەیە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیری ناوخۆ پارێزگاری هەولێر و پارێزگاری سلێمانی و هەرچەندە پزیشک نین، بەڵام وەک لایەنی بەرپرس لەسەلامەتی هاووڵاتیان و وەزیری تەندروستی و بریکار و دکتۆرەکان کە لەهەوڵی هۆشیارکردنەوەی تاکن، بۆپاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان، بەردەوام گوتاریان پێشکەشدەکرێت وەک کارەکتەرێکی ڕاستەوخۆبون.

بەشێوەیەکی گشتی قەبارەی نمونە دەستنیشانکراوەکان لە ئاماری توێژینەوەکەدا، کە بریتییە لە حەوت گوتار، هەریەک لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم، وەزیری ناوخۆ، وەزیری تەندروستی، پارێزگاری هەولێر، پارێزگاری سلێمانی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی، سەرۆکی سکوڵی پزیشکیی زانکۆی کۆیە کە لە کەلەسەرەتای دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان (مانگی ئازاری 2020)ە، لە ڕێکەوتی (18/ئازار/2020) (2020/3/14) (2020/3/12) (٢٠٢٠/3/١١) پێشکەشکران، نمونەکان بەشێوەی هەڵبژاردنی نمونی مەبەستدار وەرگیراون، چونکە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڤایرۆسە هەوڵی ڕازیکردنی خەڵکی دەدرا بۆ مانەوەی لەماڵەوە و پابەندبون بەڕێنماییە تەندروستییەکان.

تویژەر بەمەبەست گوتارەکانی سەرەتا هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی تایبەتمەندی و مەبەستەکانی بەرهەمهێنی گوتارەکان لەستراتیژیەتی ڕازیکردن شیبکەینەوە و ڕێژەکەشیان بە بەرنامەی (Excel) دەربهێنێت.

شیکردنەوەی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن دیاریکراون، بەڵام دیاریکردنەکە لەسەر بنەمای شیکردنەوەو ڕێژەی دەربرینی گوتەکانیانە کامە ڕێگای ڕازیکردن ڕۆڵی کارای هەبوە، تا بەرێژەی سەدی بەم شێوەیە خراوەتەڕو: 1ـ شیکردنەوەی ئاماری هەر گوتارێک بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن.


2ـ شیکردنەوەی ئاماری جۆرو مەبەستی گوتارەکان بەشێوەیەکی جیاجیا ڕێژەکانیان دیاریدەکرێت و جیاوازیەکانیان دەخرێتەڕو.

## 2.2 شیکردنەوەی گوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لەشیکردنەوەی گوتارەکەی مەسرور بارزانی بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن، گەیاندنی گوتارەکە لەرێگای هێزودەسەڵاتەوەیە بەپلە یەک. بەپلەی دوەم لەڕێگای سۆزەوە دەیەوێت کە خەڵکی ڕازیبکات. لەگوتارەکەیدا تەنها سێ میتافۆر بەدیدەکرێت. گرنگی بەبابەتی ترس دەدات، ئەمەش بەمەبەستە بۆ ئەوەی ئاماژە بەوێناکردنێک بکات، کە دەیەوێت بە خەڵکی بگەیەنێت، هەربۆیەش وێناکردنەکەی وێناکردنێکە لەگەڵ واقیعی و زانست یەکدەگرێتەوە پەنا بۆ وشەی باقو بریق نابات.

| ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|
| بنچینەی ڕازیکردن | ژمارەی ڕازیکردن | ڕێژەی سەدی ڕازیکردن |
| بەڵگە | 4 | 7.843 |
| هۆش | 4 | 7.843 |
| سۆز | 10 | 19.608 |
| ترس | 5 | 9.804 |
| دوبارە | 7 | 13.725 |
| هێزودەسەڵات | 18 | 35.294 |
| میتافۆر | 3 | 5.882 |
| کۆی گشتی | 51 | 100 |

خشتەی ژمارە(1) ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.




وێنەی ڕونکراوە ژمارە (1) ئاماری ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان


لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لە گوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی خشتەی ژمارە(1) لە وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(1) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای هێزو دەسەڵاتەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە (18) گوتەی هێزو دەسەلات بەڕێژەی (35.294) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای سۆزەوە بریتییە لە (10) گوتەی سۆزە بەڕێژەی (19.608) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای دوبارەکردەوە بریتییە لە (7) گوتەی دوبارە بەڕێژەی (13.725) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای ترسەوە بریتییە لە (5) چەمکی ترساندن بەڕێژەی سەدی (9.804) ڕازیکردن بەهەردو ڕێگای بەڵگە و هۆشەوە بریتییە لە (4) چەمکی بەڵگە و هۆش بەڕێژەی (7.843) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی میتافۆر بۆڕازیکردن بریتییە لە (3) میتافۆر بەڕێژەی (5.882) بەکارهاتوە.


## 3-2 گوتاری وەزیری ناوخۆ

لەشیکردنەوەی گوتارەکەی وەزیری ناوخۆ بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن. گەیاندنی گوتارەکە لەڕێگای هێزو دەسەڵاتەوە و هۆشەوەیە، گرنگی بە بابەتی ڕازیکردن لەڕێگای سۆزەوە دەدات، هەوڵدەدات ئەو وشانە بەکاربهێنێ کەکار لە هەست وسۆزی وەرگردەکات. گرنگی بەبابەتی میتافۆر دەدات بۆ ڕازیکردنی وەرگر، هەروەها ترس لەبیرناکات لەگوتارەکەیدا چەمکی بۆ ترساندنی خەڵکی دەکات، ئەمەش بەمەبەستە بۆ ئەوەی ئەو وێناکردنەی کە دەیەوێت لەمێشکی وەرگری بچەسپێنێ.

| ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|
| بنچینەی ڕازیکردن | ژمارەی ڕازیکردن | ڕێژەی سەدی ڕازیکردن |
| بەڵگە | 5 | 5.000 |
| هۆش | 24 | 24.000 |
| سۆز | 23 | 23.000 |
| ترس | 6 | 6.000 |
| دوبارە | 7 | 7.000 |
| هێزودەسەڵات | 24 | 24.000 |
| میتافۆر | 11 | 11.000 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 |

خشتەی ژمارە(2) ئاماری ستراتیجیەتی ڕازیکردن لە گوتاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان




وێنەی ڕونکراوە ی ژمارە(2) ئاماری ستراتیجیەتی ڕازیکردن لە گوتاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.


لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لە سەرجەم گوتارە دەستنیشانکراوەکان بەپێی خشتەی ژمارە (2) لەهێڵکاری ژمارە(2) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی هۆشە و هێزو دەسەڵاتەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە (24) گوتەی هۆشداری بەڕێژەی (24.000) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی سۆز بریتییە لە (23) گوتەی سۆزە بەڕێژەی (23.000) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای میتافۆرەوە بریتییە لە (11) گوتە بەڕێژەی (11.000) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای دوبارەوە بریتییە لە (7) چەمکسازی ترساندن بەڕێژەی سەدی (7.000) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای ترسەوە بریتییە لە (6) چەمکی ترساندن بەڕێژەی سەدی (6.000) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لە ڕێگای بەڵگە بریتییە لە (5) چەمکسازی بەڕێژەی (5.000) بەکارهاتوە.

## 4-2 گوتاری وەزیری تەندروستی

لەشیکردنەوەی گوتارەکەی وەزیری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن، گەیاندنی گوتارەکە لەڕێگای سۆزەوەیە، گرنگی بە بابەتی ڕازیکردن لەڕێگای هۆش و ترسەوە دەدات، هەوڵدەدات ئەو وشانە بەکاربهێنێ، کە هێزو دەسەڵاتیان تێدا ڕەنگدەداتەوە، کار لەوەرگر دەکات. هەروەها وشەی دوبارە بەکاردەهێنێ، بەڵگەی پێویست دەخاتەڕو، گرنگی بەبابەتی میتافۆر نادات بۆ ڕازیکردنی وەرگر، بەمەش وێناکردنێک لەمێشکی وەرگری دەچەسپێنێ.

| ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی ڕازیکردن | ژمارەی ڕازیکردن | بنچینەی ڕازیکردن |
| 8.696 | 4 | بەڵگە |
| 17.391 | 8 | هۆش |
| 23.913 | 11 | سۆز |
| 19.565 | 9 | ترس |
| 15.217 | 7 | دوبارە |
| 15.217 | 7 | هێزودەسەڵات |
| 0.000 | 0 | میتافۆر |
| 100 | 46 | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە(3) ئاماری ستراتیجیەتی ڕازیکردن لە گوتاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.




وێنەی ڕونکراوەی ژمارە (3) ئاماری ستراتیجیەتی ڕازیکردن لە گوتاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان


لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لە گوتاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی خشتەی ژمارە (3) لەوێنەی ڕونکراوەی ژمارە(3) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی سۆزەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە(11)گوتەی سۆزداری بەڕێژەی (23.913) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی ترسەوە بریتییە لە (9) گوتەی ترس بەڕێژەی (19.565) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی هۆشەوە بریتییە لە (8) گوتەی هۆش بەڕێژەی (17.391) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای هێزو دەسەڵات و دوبارەوە بریتییە لە (7) گوتەی هێزدار بەڕێژەی (15.217) بەکارهاتوە. ڕازیکردن بەڵگە بریتییە لە (4) چەمکسازی بەڕێژەی (8.696) بەکارهاتوە. هیچ میتافۆرێکیش لە گوتارەکەدا بەدیناکرێت.


## 5-2 گوتاری پارێزگاری هەولێر

لەشیکردنەوەی گوتاری پارێزگاری کۆچکردوی هەولێر بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن، گەیاندنی گوتارەکە لەڕێگای هێز و دەسەڵاتەوەیە، هەروەها هەوڵدەدات لەڕێگای سۆزەوە، خەڵکی ڕازیبکات. گرنگی بەچەمکسازی بۆ چەمکی هۆش دەکات، هەر دو چەمکی ترس و دوبارە وەک یەک بەکاردەهێنێت. زۆر گرنگی بە چەمکی میتافۆری و بەڵگە نادات، تەنها یەک میتافۆر لە گوتارەکەیدا بەدیدەکرێت. ئەمەش بەمەبەستە بۆ ئەوەی ئاماژە بەوێناکردنێکی هێزدار بکات.

| ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری پارێزگاری هەولێر | | |
|---|---|---|
| بنچینەی ڕازیکردن | ژمارەی ڕازیکردن | ڕێژەی سەدی ڕازیکردن |
| بەڵگە | 1 | 2.703 |
| هۆش | 4 | 10.811 |
| سۆز | 5 | 13.514 |
| ترس | 3 | 8.108 |
| دوبارە | 2 | 5.405 |
| هێزودەسەڵات | 21 | 56.757 |
| میتافۆر | 1 | 2.703 |
| کۆی گشتی | 37 | 100 |

خشتەی ژمارە(4) ئاماری ستراتیجیەتی ڕازیکردن لە گوتاری پارێزگاری هەولێر حکومەتی هەرێمی کوردستان




وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(4) ئاماری ستراتیجیەتی ڕازیکردن لەگوتاری پارێزگاری هەولێر


لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لەگوتاری پارێزگاری هەولێر بەپێی خشتەی ژمارە(4) لە وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(4) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی هێزو دەسەڵاتەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە(21)گوتەی هێزدار بەڕێژەی (56.757) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای سۆزەوە بریتییە لە(5) چەمکسازی سۆزداری بەڕێژەی سەدی (13.514) ڕازیکردن لەڕێگای هۆشەوە بریتییە لە(4) چەمکسازی هۆشداری بەڕێژەی سەدی (10.811) ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی ترسەوە بریتییە لە (3) گوتەی ترس بەڕێژەی (8.108) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی دوبارەکردنەوە بریتییە لە (2) گوتەی دوبارە بەڕێژەی (5.405) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای هەر دو چەمکی بەڵگە و یەک چەمکی میتافۆری بریتییە لە (1) چەمکی بەڵگە و چەمکی میتافۆری بەڕێژەی (2.703) بەکارهاتوە.

## 6-2 گوتاری پارێزگاری سلێمانی

لەشیکردنەوەی گوتارەکەی پارێزگاری سلێمانی بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن، گەیاندنی گوتارەکە لەڕێگای هێزو دەسەڵاتەوەیە بەپلە یەک، دواتر بەپلەی دوەم لەڕێگای هۆشەوەیە، گرنگی بە هێنانەوەی بەڵگە و چەمکی سۆزداری دەدات. هەر بۆیەش وێناکردنەکەی وێناکردنێکی نیشاندانی هێزو دەسەڵاتە.

| ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری پارێزگاری سلێمانی | | |
|---|---|---|
| بنچینەی ڕازیکردن | ژمارەی ڕازیکردن | ڕێژەی سەدی ڕازیکردن |
| بەڵگە | 2 | 9.091 |
| هۆش | 4 | 18.182 |
| سۆز | 4 | 18.182 |
| ترس | 0 | 0.000 |
| دوبارە | 1 | 4.545 |
| هێزودەسەلات | 11 | 50.000 |
| میتافۆر | 0 | 0.000 |
| کۆی گشتی | 22 | 100 |

خشتەی ژمارە(5) ئاماری ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری پارێزگاری سلێمانی




وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(5) ئاماری ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری پارێزگاری سلێمانی


لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لەگوتاری پارێزگاری سلێمانی بەپێی خشتەی ژمارە(5) لە وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(5) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی هێزو دەسەڵاتەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە(11)گوتەی هێزدار بەڕێژەی (50.000) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای هۆش و سۆزەوە بریتییە لە(4) چەمکی هۆش وسۆز بەڕێژەی سەدی (18.182) ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی هێنانەوەی بەڵگە بریتییە لە(2) چەمکی بەڵگە بەڕێژەی سەدی (9.091) ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی دوبارەکردنەوە بریتییە لە (1) گوتەی دوبارە بەڕێژەی (4.545) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای هەردو چەمکی ترس و چەمکی میتافۆری بریتییە لە (0) بەڕێژەی (0.000) بەکارهاتوە.


## 7-2 گوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی

لەشیکردنەوەی گوتارەکەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی (د. صباح هەورامی) بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن، گەیاندی گوتارەکە لەڕێگای ترسەوەیە بەپلە یەکەم وێناکردنێکی ترسناک لەمێشکی وەرگر دروستدەکات، گرنگی بە ڕازیکردن لەڕێگای هۆشەوە دەدات چەمکی میتافۆری لە گوتارەکەیدا بەدیدەکرێت. ئەمەش بەمەبەستە بۆ ئەوەی ئاماژە بەو وێناکردنە بکات، کە دەیەوێت بە خەڵکی بگەیەنێت، هەربۆیەش وێناکردنەکەی وێناکردنێکی ترسناکە.

| ستراتیژیەتی ڕازیکردن گوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی | | |
|---|---|---|
| بنچینەی ڕازیکردن | ژمارەی ڕازیکردن | ڕێژەی سەدی ڕازیکردن |
| بەڵگە | 0 | 0.000 |
| هۆش | 4 | 30.769 |
| سۆز | 1 | 7.692 |
| ترس | 5 | 38.462 |
| دوبارە | 0 | 0.000 |
| هێزودەسەڵات | 0 | 0.000 |
| میتافۆر | 3 | 23.077 |
| کۆی گشتی | 13 | 100 |

خشتەی ژمارە(6) ئاماری ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی



وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(6) ئاماری ڕێژەی سەدی ستراتیجیەتی ڕازیکردن لە گوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی


لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لە گوتاری بریکاری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی خشتەی ژمارە(6) لە وێنەی ڕونکراوە ی ژمارە(6) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی ترساندنەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە(5)گوتەی ترسان بەڕێژەی (38.462) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لە ڕێگای چەمکی هۆشەوە بریتییە لە(4) چەمکی هۆشداری بەڕێژەی سەدی (30.769) بەکارهێنانی ڕازیکردن لە ڕێگای چەمکی میتافۆری بریتییە لە(3) چەمکی میتافۆری بەڕێژەی سەدی (23.077) ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی سۆزداری بریتییە لە (1) گوتەی دوبارە بەڕێژەی (7.692) بەکارهاتوە. هیچ ڕازیکردنێک لەڕێگای هەرسێ چەمکی بەڵگە و دوبارە و هێزو دەسەڵات لە گوتارەکەی نابینرێ.


## 8-2 گوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە

لەشیکردنەوەی گوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە (د. دەوەن حەوێزی) بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن. هەوڵدەدات لەڕێگای سۆزەوە خەڵکی ڕازیبکات، هەر بۆیە زۆرترین چەمکی سۆزداری لە گوتارەکەیدا بەدیدەکرێت، هەروەها گرنگی بەچەمکی هۆشداری دەدات، هەر دو چەمکی میتافۆر و دوبارە وەک یەک بەکاردەهێنێت. بەڵگەش لە گوتارەکەیدا دەخاتە ڕو. بەمەش وێناکردنێک لەمێشکی وەرگر دروستدەکات.

| ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە | | |
|---|---|---|
| بنچینەی ڕازیکردن | ژمارەی ڕازیکردن | ڕێژەی سەدی ڕازیکردن |
| بەڵگە | 1 | 8.000 |
| هۆش | 7 | 28.000 |
| سۆز | 8 | 32.000 |
| ترس | 4 | 16.000 |
| دوبارە | 1 | 0.000 |
| هێزودەسەڵات | 0 | 0.000 |
| میتافۆر | 4 | 16.000 |
| کۆی گشتی | 25 | 100 |

خشتەی ژمارە(7) ئامار و ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە (د. دەوەن حەوێزی)




وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(7) ئاماری ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە گوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە


لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لەگوتاری سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە بەپێی خشتەی ژمارە(7) لە وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(7) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی سۆزەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە(8)گوتەی سۆزدار بەڕێژەی (32.000) بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لە ڕێگای چەمکی هۆشەوە بریتییە لە(7) چەمکی هۆشداری بەڕێژەی سەدی (28.000) ڕازیکردن لەڕێگای هەردو چەمکی ترس و چەمکی میتافۆری بریتییە لە (4) چەمکی ترس و چەمکی میتافۆری بەڕێژەی (16.000) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای هەر دو چەمکی بەڵگە و چەمکی دوبارەکراو بریتییە لە (1) چەمکی چەمکی بەڵگە و چەمکی دوبارەکراو بەڕێژەی (16.000) بەکارهاتوە. هیچ ڕازیکردنێک لەڕێگای چەمکی وهێزودەسەڵات لە گوتارەکەی نابینرێ.

## 9-2 کۆی گوتاری تەندروستی بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن

| ڕازیکردن | سەرۆکی حکومەت | وەزیری ناوخۆ | وەزیری تەندروستی | پارێزگاری هەولێر | پارێزگاری سلێمانی | بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی | سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵگە | 4 | 5 | 4 | 1 | 2 | 0 | 1 | 17 | 5.782 |
| هۆش | 4 | 24 | 8 | 4 | 4 | 4 | 7 | 55 | 18.707 |
| سۆز | 10 | 23 | 11 | 5 | 4 | 1 | 8 | 62 | 21.088 |
| ترس | 5 | 6 | 9 | 3 | 0 | 5 | 4 | 32 | 10.884 |
| دوبارەکردنەوە | 7 | 7 | 7 | 2 | 1 | 0 | 1 | 25 | 8.503 |
| هێزودەسەڵات | 18 | 24 | 7 | 21 | 11 | 0 | 0 | 81 | 27.551 |
| میتافۆر | 3 | 11 | 0 | 1 | 0 | 3 | 4 | 22 | 7.483 |
| کۆی گشتی | 51 | 100 | 46 | 37 | 22 | 13 | 25 | 294 | 100 |

خشتەی ژمارە(8) ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە سەرجەم گوتارەکان




وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(8) ئاماری ڕێژەی سەدی ستراتیژیەتی ڕازیکردن لە سەرجەم گوتارەکان

لەشیکردنەوەی ڕێژەی سەدی بەکارهاتو لە سەرجەم گوتارە دەستنیشانکراوەکان (خشتەی ژمارە(8) لە وێنەی ڕونکراوەی ژمارە(8) دەبینین بەکارهێنانی ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی هێزودەسەڵاتەوە لەپلەی یەکەمدایە بریتییە لە (81) گوتەی دەسەڵاتدار بەڕێژەی (27.551)بەکارهاتوە. بەکارهێنانی ڕازیکردن لە ڕێگای چەمکی سۆزەوە بریتییە لە(62) چەمکی سۆزداری بەڕێژەی سەدی (21.088) بەکارهێنانی ڕازیکردن لە ڕێگای چەمکی هۆشەوە بریتییە لە(55) چەمکی هۆشداری بەڕێژەی سەدی (18.707) بەکارهێنانی ڕازیکردن لە ڕێگای چەمکی ترسەوە بریتییە لە(32) چەمکی ترسناک بەڕێژەی سەدی (10.884) ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی دوبارە بریتییە لە (25) و چەمکی دوبارەکراو بەڕێژەی (8.503) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای چەمکی میتافۆری بریتییە لە (22) و چەمکی میتافۆری بەڕێژەی (7.483) بەکارهاتوە. ڕازیکردن لەڕێگای بەکارهێنانی بەڵگە بریتییە لە (17) بەڵگە بەڕێژەی (5.782) بەکارهاتوە.

## ئەنجام

1ـ بەرهەمهێنەکانی گوتار گوتارەکانیان بەپێی ستراتیژیەتی ڕازیکردن داڕشتوە، کاریگەرییەکانی لەڕوی زمانەوە وادەردەکەوێت، کە ئەم جۆرە گوتارانە جۆرێک لەتایبەتمەندی لەخۆبگرن. بێگومان ئەمەش بەپشتبەستن بەبنەماکانی ئاماروچارت و ژمارەی وێناکردن و چەمکسازی کردەکان و چەمکی میتافۆری لە گوتارەکانیاندا.

2ـ لەکۆی نمونە وەرگیراوەکان لە ستراتیژیەتی ڕازیکردن لێکچو وجیاوازی لەجۆری ڕازیکردنەکان بەدیدەکرێت. ڕازیکردن لەڕێگای هێزو دەسەڵاتەوە لەپلەی یەکەمدایە، بەتایبەتی لەگوتاری هەریەک لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزیری ناوخۆ، پارێزگاری هەولێر، پارێزگاری سلێمانی. بەڵام ڕازیکردن لەگوتاری وەزیری تەندروستی و سەرۆکی سکولی پزیشکی زانکۆی کۆیە لەڕێگای دەربڕینی سۆزەوە لەپلەی یەکەمدایە.

3ـ ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەسەرجەم گوتارە وەرگیراوەکان ڕازیکردن لەڕێگای هێزو دەسەڵاتەوە لە پلەی یەکەمدایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەستراتیژیەتی ڕازیکردنی گوتار لەهەرێمی کوردستان پشت بەو دەربڕینانە دەبەستن کە هێزو دەسەڵاتی تیادا بەدیدەکرێت. دەبڕینە سۆزدارەکان لە پلەی دوەمدایە و دەربڕینە هۆشدارەکان لەپلەی سێیەمدایە.

4ـ ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەسەرجەم گوتارە وەرگیراوەکان کەمترین بەڵگەیان بەکارهێناوە. زۆرترین بەڵگە لەلایەن وەزیری ناوخۆ خراوەتە ڕو،کە تەنها (5) بەڵگەی خسۆتە ڕو کەمترین بەڵگەش لەلایەن وبەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی هیچ بەڵگەیەکی بەکارنەهێناوە. زۆرترین ڕازیکردن لەڕێگای هۆشەوە لەلایەن وەزیری ناوخۆ بوە کەمترین ڕازیکردنیش لەڕێگا هۆشەوە لەلایەن سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری هەولێرو پارێگاری سلێمانی و بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بوە. زۆرترین ڕازیکردن لەڕێگای سۆزەوە لەلایەن وەزیری ناوخۆ بوە کەمترین ڕازیکردنیش لەڕێگا سۆزەوەش لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بوە. زۆرترین ڕازیکردن لەڕێگای ترسەوە لەلایەن وەزیری تەندروستی بوە کەمترین ڕازیکردنیش لەڕێگا ترسەوە لەلایەن پارێگاری سلێمانی بوە. زۆرترین ڕازیکردن لەڕێگای دوبارەکردنەوە لەلایەن هەریەک لە سەرۆکی حکومەت و وەزیری تەندروستی و وەزیری ناوخۆ بوە، کەمترین ڕازیکردنیش لەڕێگا دوبارەکردنەوە

لەلایەن بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بوە. زۆرترین ڕازیکردن لەڕێگای هێزو دەسەڵاتەوە لەلایەن هەریەک لە سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ بوە، بەپێچەوانەوە هیچ ڕازیکردنیش لەڕێگا هێزودەسەڵاتەوە لەلایەن بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی و سەرۆکی سکولی پزیشکی لە گوتارەکەیاندا نابینرێت. زۆرترین ڕازیکردن لەڕیگای میتافۆرەوە لەلایەن وەزیری ناوخۆ بوە، بەکەمترین ڕازیکردنیش لەڕێگا میتافۆرەوە لەلایەن وەزیری تەندروستی و پارێزگاری سلێمانییەوە بوە کە هیچ میتافۆرێکیان بەکارهێناوە.

# Persuasion strategies in the KRG health discourse.

**Sherwan Hussen Hamed[1] - Talar Sabah Omar[2]**

[1]Kurdish Department, College of Basic Education, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Language Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
The act has of Persuasion has existed since ancient times. At every stage of life, People have tried to Persuade others in various techniques and methods .This process, has covered all areas of life and continues. The producer of discourse requires technique, expertise and skill to convince the other person. Of course, this is done through language, so during the outbreak of the coronavirus, speakers were trying to convince people to follow convince people to follow the health guidelines. Because health discourse is directly related to the life of every individual in society, it is duty of the government and authorities to protect society and prevent the spread of any disease. Therefore, during the outbreak of this global epidemic around the world and Kurdistan, especially the discourses were devoted to the health and prevention of citizens. Because if health discourse is controlled by scientific opinion, it is in terms of social reality and the types of choices of methods and descriptions by which the virus is known, It is not controlled by the speakers, because each uses a persuasive method to convey his intention.

**Keywords**: Persuasion, Heaithy Discourse, Illustration, Force, Passion.

## سەرچاوەکان:


دزەیی، عبدولواحید موشیر, (2013)، ڕازیکردنی خێرا لەچوار هەنگاودا، چاپی یەکەم, چاپخانەی ماردین، هەولێر.

السویدان، طارق، (2017)، ڕێبەری وتاربێژی سەرکەوتو، و. مەریوان عارف عەلی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

شەمس، هێمن عەبدولحمید ،(٢٠٠٦)، شێوازودەربرین لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە،

عمر، تەلار صباح، 2013، شیکارێکی زمانەوانی ریکلامی بازرگانی بینراو وبیستراو، نامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر

عەبدولرەحمان، شیلان عوسمان ،2009، کارابونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر

عەلی، بکر عومەر ـ حەمە ئەمین، شێرکۆ، (2006)، زارو شێوەزار چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا

فتاح، محمد معروف، 1990، زمانەوانی، دار الحكمة.

الشهری، عبدالهادی بن ظافر، 2004، استراتجیات الخطاب، مقاربة لغویة تداولیة، لبنان، دار الكتاب الجدیدالمتحدة، ط1، بیروت،

شارودو، باتریک–منغنو، دومینیک، (2008)، معجم تحلیل الخطاب، ترجمة عبدالقادر المهیری – حمادی حمود

شاكر، تارا فرهاد،( 2015)، اللسانیات الخطابیة فی قصص الانبیاء(ادم و ابراهیم وعیسی)علیهم السلام فی القران الكریم، رسالة دكتوا، جامعەی صلاح الدین، أربیل

عرابی، محمد،(2014)، استراتجیة فی الاقناع فی الخطاب اللغوی التواصلی، مجلة رفوف مخبر المخطوطات الجزائریة في غرب إفریقیا، جامعة أدرار الجزائر، العدد الرابع، ماي، 2014

عكاشه، محمود ،(2005)، الغة الخطاب السیاسی دراسة لغویة تطبیقیة فی ضوء نظریة الاتصال، دار النشر للجامعات، مصر

عماد، عبداللطیف،(2012) استراتیجیات الاقناع والتاثیر فی الخطاب، القاهرة، مصر

العمری، محمد،(2002)، فی بلاغة الخطاب الاقناعی، الطبعة الیانیة، بیروت، لبنان

المكاوی، علی محمد،2016، علم الاجتماع الطبی والاتجهات النظریة الحدیثة، القاهرة

Barbara Johnstone, 2008, Discourse Analysis, Second Edition,Blackwell.Publishing.

Farfan,A.F.J. and Holzscheiter,A. (2011),The Power of Discourse and The Discourse of Power, (139-152), London: sage publicatio

Jawad,hoshang Farooq, 2010, ACOGNITIVE VIEW OF EVPHEMISTIC EXPRESSION IN KURDISH. 14 Z , Koya university, college of Langudges.

Lakoff, G., & Johnson , M.. (1980). *Metaphors we live by*. Chicago: The University of Chicago.

Morris,P.(2002), Power: Manchester: Manchester University: press

van Dijk,Teunn., A.,( 2008), Discourse and Power, Hampshire: palgrave Mzcmillan.

Watts,R.J.(1991), Power in family Discourse,Berlin: Moutone de Gruyt

پاشکۆی (1) ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ژ | نمونە | جۆری ڕازیکردنەکە |
|---|---|---|
| 1 | بۆ سەلامەتی ئێوەی بەرێزگرتمانەبەر | سۆز |
| 3/2 | پشتیوانی وهەماهەنگی ئێوە بەرێز زۆر گرنگە بۆ سنورداركردنی هەرچی زیاتری بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە | دوبارە/سۆز |
| 4 | بەپێویستی دەزانم سوپاسی لیژنەی وەزاری بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ولایەنە پەیوەندیدارەکان بکەم. وێرای هەوڵدانیان بۆ پاراستنی هاووڵاتیان بەردەوامن لەدابینکردنی پێداویستی خەڵک وکۆنترۆڵی بازارەکان | دوبارە |
| 5 | جێگای خۆیەتی سوپاسی تایبەتی وەزارەتی ناوخۆو هێزەکانی پۆلیس وئاسایش و یەکە ئیداریەکان، هەروەها وەزارەتی تەندروستی بکەم، کە بەشێوەیەکی مەیدانی شەو و ڕۆژ لەخزمەتی هاووڵاتیان بەردەوامن | بەڵگە |
| 6 | سوپاسوپێزانینم ئاراستەی ئەوتیمە فریاگوزاریەو پزیشک و پەرستارانە دەکەم کەلەڕێزی پێشەوەن ژیانی خۆیان لەپێناو سەلامەتی ئێمە دەخەنە مەترسیەوە | میتافۆر |
| 7 | هەرێمی کوردستان وەک هەمو ناوچەکانیتری دونیا ڕوبەڕوی هەرەشەیەکی چاوەڕواننەکراو بوە کە ئەویش پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنایە. | ترس |
| 8 | حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێش زۆربەی وڵاتانی دونیا بو بۆ گرتنەبەری ڕێو شوێنەکانی خۆپارێزی دەرکردنی ڕێنمای تەندروستی | هێزودەسەڵات |
| 9 | ئەوە بو هەر زو بوجەیەکی فریاگوزاریمان تەرخانکرد و هەنگاوی پێویستی نا بۆ سنورداركردنی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا | دوبارەبونەوە |
| 10 | ڕاگرتنی خوێندن لە قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان | هێزودەسەڵات |
| 11 | کەمکردن و تەنانەت ڕاگرتنی دەوامی دامودەزگاکانی | هێزودەسەڵات |
| 12 | سنورداركردنی هاتوچۆ لەدەروازە سنوریەکان | هێزودەسەڵات |
| 13 | نەهێشتنی گردبونەوە | هێزودەسەڵات |
| 14 | ئەنجامدانی پشکنینی گەرمای لەش لەفرۆکەخانەودەروازە سنورییەکان | هێزودەسەڵات |
| 15 | هاتوچۆی ناوخۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هەروەها لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقیش ڕابگیرێ بۆ حالەتی زۆر پێویست نەبێ | هێزودەسەڵات |
| 16 | پێویستە هاتوچۆی ناوخودی شارو شارۆچکەکانیش سنورداربکرێ | هێزودەسەڵات |
| 17 | ئێمە هەمو هەوڵێک دەدەین بۆپاراستن وسەلامەتی ئێوەی خۆشەویست | سۆز |
| 18 | ئەو ڕێکارانەی دەگرینە بەریش هەموی لەبەر سەلامەتی ئێوەیە بەتایبەتی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەپێناو ئەوەیە کەمترین پەیوەندی هەبێ | بەڵگە |
| 19 | ئەوکەسانە بدۆزرێنەوە کەهەڵگری ڤایرۆسەکەن بۆئەوەی کەسانیتر توش نەبن | بەڵگە |
| 20 | ئێمە بەرپرسیارین بەرانبەر بە ئێوە | سۆز |
| 21 | ئێوەش بەرپرسیارین بەرانبەر بەخۆتان وکەسوکار و ناسیاو هاووڵاتیانیتر | سۆز |
| 22 | هەمومان بەحکومەت و هاوڵاتیانەوە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان هاوکار یەکتربین | هۆش |
| 23 | ڕێنمایەکان جێبەجێبکەین ڕێگری لەبڵاوبونەوەی ئەم پەتایە بکەین | هێزودەسەڵات |
| 24 | چەند زورتریش ئەمە بکەین زوتر دەتوانین ژیان ئاسای بکەینەوە | بەڵگە |
| 25 | ئەم پەتایە کە هەرێمی کوردستان و زیاتر لە سەد وڵاتی دونیای گرتوتەوە زیانی گیانی هەبوە | ترس |
| 26 | بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان 28 حاڵەتی توشبون هەیە | هۆش |

| | | |
|---|---|---|
| 27 | یەک کەسیش گیانی لەدەستداوە | هۆش |
| 28 | بەداخەوە دەبێ بڵێین کاریگەریە نێگەتیڤەکانی ئەم ڤایرۆسە لەڕۆژانی داهاتودا زیاتر بەدیاردەکەوێت | ترس |
| 29 | هەریەکەلەئێمە دەتوانێ ڕۆڵێکی کاریگەری لەڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی ڤایرۆسەکەدا هەبێ | دوبارەبونەوە |
| 30 | بەردەوام دەستەکانتان بشۆن | هێزودەسەڵات |
| 31 | هاتوچۆی نێوانتان سنوردار بکەن | هێزودەسەڵات |
| 32 | هەتا بۆتان دەکرێ لەماڵەوە بمێنەوە | هێزودەسەڵات |
| 33 | هەرکاتیکیش هەستان بە نیشانەکانی توشبون بە ڤایرۆسەکە کرد پەیوەندی بەهێڵی گەرمی 122 بکەن هاوکاری و ڕێنمایتان پێشکەش بکەن | هۆش |
| 34 | هاووڵاتی بەرێز | سۆز |
| 35<br>36 | بۆ ئەوەی هەرەشەکانی ڤایرۆسەکە بۆسەر ژیانی خەڵک و هەروەها لێکەوتەکانی بۆسەر ئابوری خەڵک زۆر جدی وسەختە | ترس/دوبارە |
| 37 | ئێوە ئاگادارن کەلەڕابردودا هەرەشەی زۆر جدی ومەترسیدارمان روبەڕوبویتەوە | ترس |
| 38<br>39 | بەدەیانجار روبەڕوی ستەم و تیرۆر وەستاین سەرکەوتوش بوین | سۆز/میتافۆر |
| 40<br>41<br>42 | دڵنیام ئەمجارەش بەهاوکاریکردنی یەکتری و لەبەرچاوگرتنی ڕێنمایە تەندروستیەکان دەتوانین یەکگرتوانە ئەم دۆخە سەختەش تێپەڕێنین | سۆز/دوبارە/می تافۆر |
| 43 | داوا لەدوکاندارو خاوەن موڵکەکان دەکەم | هێزودەسەڵات |
| 44 | رەچاوی ئەم بارودۆخەو دوکاندرارەکان بکەن | هێزودەسەڵات |
| 45 | بە هاوبەشی و تەحەمولی زیانەکان بکەن | هێزودەسەڵات |
| 46 | ئەرکی کرێچیەکان سوک بکرێ | هێزودەسەڵات |
| 47 | حکومەتی هەرێم بەردەوام دەبی | سۆز |
| 48<br>49 | ئێمە هەمو هەوڵ و تواناکانی خۆمان دەخەینەگەر بۆپاراستنی روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا پاراستن وسەلامەتی هاووڵاتیان | دوبارە/هێزودە سەڵات |
| 50 | داوا لەهەمو لایەنە سیاسیەکانیش دەکەم لەمکاتەدا هاوکارو پشتیوانمان بن | هێزودەسەڵات |
| 51 | لەڕۆژانی داهاتوشدادەزگاکانی حکومەت هەنگاوبەهەنگاو ڕێکارەکانی پێویست ئاگاداردەکرێنەوە هیوادارم پارێزراو بن وکوردستانیش بەهێزتر و ئاوەدان بێ. | سۆز |

پاشکۆی (2) ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ژ | نمونەکان | جۆری ڕازیکردنەکە |
|---|---|---|
| 1 | لەرێگەی ئێوەی بەرێزیشەوە سڵاو و رێز بۆ هەمو هاونیشتمانیانی بەرێزی کودستان | سۆز |
| 2 | بەهیوای ئەوەی هەمو سەلامەت و لەشساغ بن بەهیوای ئەوەی ئەوانەی توشی ڤایرۆسی کۆرۆناش بونە لەماوەیەکی کەمچاکدەبنەوە دەگەرێنەوە ناو ماڵ و خێزانەکانیان | سۆز |
| 3 | ئەمرۆ بریارێکی نوێ لەوەزارەتی ناوخۆ دەرچو دوای ئەوەی کەراوێژمانکرد لەگەڵ پارێزگارو ئیدارە سەربەخۆکان بۆئەوەی پێداچونەوەیەک بەرێوشوێنەکان بکەین | هێزودەسەلات |
| 4 | دوای ئەوەی چەند جارێک لەلایەن بانگەوازکراو ڕاگەیاندن بڵاوکراوەیەوە کەمەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا رۆژبەرۆژ لەزیادبونە بۆیە ئەو بریارەی کەدوێنێ شەودرا | ترس |
| 5 | مەبەستی ئەوەبو کەپێداچونەوە بۆ تەواوی ئەو پرۆسەیەی کە جێبەجێکراوە ئەو هەنگاوانەی کە هاوێژراون لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەکان لەگەڵ ژوری ئۆپەراسیۆن لەئاستی هەڵسەنگاندنەکی بکەین بزانین ئێمە لەکوێی قۆناغەکەین ئێمە لەکوێی قۆناغەکەین چ پێویستە زیادبکرێ لەکوێ کەموکورتی هەیە کەموکورتیەکان پربکرێتەوە | هێزودەسەلات |
| 7/6 | تاکید دەکەینەوە هەرەشەو مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەئاستێکی بەرزدایە | ترس/میتافۆر |
| 8 | هەنێک لەهاوولاتیان و هاونیشتمانیان وەکو پێویست لەمەترسی ئەم ڤایرۆسە تێنەگەیشتون یان هێشتا وەکو خۆی وەریان نەگرتوە | هۆش |
| 9 | وەزارەتی تەندروستی ئێمە زۆر زو ئەو هەنگاوانەی دەستپێکرد هێشتا نەگەیشتبوە ناوچەکەی ئێمە هێندێک هەنگاوی تەندروستی ریکوپێک هاویشتران | بەڵگە |
| 1/10<br>1 | دوای ئەوەش لێژنەیەکی باڵا دروستبو ئێمە بۆئەوەی بتوانین رێگریەکی باشتر بکەین توانرا خۆشبەختانە ئەوانەی توشبونە هەتا ئێستا ژمارەی زیان کەمە لەچاو ئەو هاولاتیانەی کەتوشبون | هێزودەسەلات/میتافۆر |
| 12 | ئەو رێکارە تەندروستیانە و ئەو رێگارانەی ڕاگرتنی دەوام و ڕاگرتنەکانیتر کەلەئاستی پارێزگاکانمان و کرانە بەر وایکرد ئەمرۆ لەو قۆناغەدا بین | بەڵگە |
| 13 | خەڵکی ئێمە زۆرجار مەترسیەکە وەکخۆی وەرناگرێ | هۆش |
| 14 | زۆرجار گوێبیست دەبین هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان جیاوازە لە ڤایرۆسی لەولاتانیتر | هۆش |
| 15 | ڤایرۆس هەمان ڤایرۆسە بەلام ڕێکارەکانی کەلەهەرێمی کوردستان گیراونەتەبەر جیاوازە لەگەڵ شوێنەکانیتر | دوبارە |
| 16 | ئێمە زوتر خۆمان حازرکرد هەڵسەنگاندنەکی زوترمان کرد پلان و سترتتیژیەتێکی گونجاومانداناا بۆئەوەی خەڵکی خۆمان بپارێزین | هێزودەسەلات |
| 17 | لەدوای ئەوەی نزیکەی مانگێک و نیوە لەرێکارەکانی خۆپارێزی و نزیکەی دو مانگ لە هەڵوێستەکان بریارەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی تیدەپەرێ ژمارەی توشبوان لەگەڵ خودی پەتاکە لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەکی کەمە | هۆش |
| 1/18<br>9 | لەهەموشی گرنگتر سوپاسێکی بێپایانی تیمەکانی تەندروستی کەوەک پێشمەرگە ئاسا لەهێڵی پێشەوەی بەرگریکردن لە هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان خۆیان کردوّتە جەنفیدای ئەو خەڵکە گیانیان لەهەرەشەو مەترسیدایە ئەوان لەهەمومان زیاتر گیانیان لەهەرەشەو مەترسیدایە | سۆز/دوبارە |
| 2/20<br>1 | ئێمە سەرەرای ئەوەی هەمو ئەو چین وتوێژانە هەمو ئەو سێکتەرە جیاوازانە رۆڵی خۆیان بینیوە، بەڵام لەهەمانکتدا لەرۆژانی رابردو هەستمانکرد ئەو خاڵانەی لە بەیاننامەکان ئاماژەمان | دوبارە/هێزودەسەلات |

| | | |
|---|---|---|
| | بۆ کردوە جۆرێک لە سوء ئیستفادە هەیە لەبەکارهێنانی ئۆتۆمبیل و پێناسەی جۆراوجۆر لەهەمو سێکتەرەکانی ئەمنی ئیداری پۆلیس | |
| 22 | ئەوخاڵانەی لەبەیاننامەکان ئاماژەی پێکراوە بۆ ئەوەیە ژوری ئۆپەراسیۆنەکان پێداچونەوە بۆ هەمو ئەو ڕێکارانە بکەن کەگیراونە بەر زۆر ڕێکاری باشبونە بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەستمانکردوە کەڕێگەپێدانێکی یەکجارزۆر دراوە | هێزودەسەڵات |
| 23 | دەبینین لە هەندێ شوێن جۆرێک لە قەرەباڵغی دروستبوە ئەمەش پێویستی بەرونکردنەوە هەیە | سۆز |
| 24 | ئێمە کەدەڵێن قەدەغەی هاتوچۆ هەیە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەمانکاتدا دەبن موچە دابەشبکەین دەبێ بایەعی دابەشبکرێن دەبێ سوپەرمارکێت و نانەواخانەکان و بانقەکان و هەندێ لەشوێنەکانی حەواڵەی پارەبکرێتەوە دەبێ دەرمانخانەکان کراوەبن دەبێ ئاڵوگۆری بازرگانی کراوەبێ دەبێ هاتوچۆی هێزە ئەمنی و عەسکەری و تەندروستیەکان هەبێ دەبێ جوتیاران کشتوکاڵی خۆیان بکەن پەلەوەرەکانیان بەخێوبکەن ئەم دوشتە هەمو بەیەکەوە ناکرێ | هێزودەسەڵات |
| 25 | بە حەقیقەت ئێمە لەسەرەتاوە قەدەغەی هاتوچۆ لە 48 دواتر 72 دواتر 48 درێژمان کردەوە بۆئەوەی نەفەسێک بدەین بەژوری ئۆپەراسیۆنەکان | هێزودەسەڵات |
| 26 | فشارێکی یەکجار زۆر لەسەر ئیدارەی پارێزگاو ئیدارەی سەربەخۆکان هەیە لەسەر تیمەکانی تەندروستی لەسەر تیمەکانی دەزگای ئەمنی هەیە پۆلیس و پێشمەرگە هەیە | هۆش |
| 27<br>28<br>29 | بۆئەوەی نەفەسێک بدەین بەو خەڵکە پێداچونەوەی بەو ڕێکارانە بکەین بۆئەوەی باشتر بتوانین خزمەتی هاوولاتیانی خۆمان بکەین. | هێزودەسەڵات/دوبارە/ میتافۆر |
| 30 | بۆئەوەی بتوانین ژیانی تیمەکانی تەندروستی کەلە هێڵی پێشەوەن باشتر بپارێزێن ئەو بەیاننامەمان دەرکرد | میتافۆر |
| 31 | بۆئەوەی هەڵسەنگاندنێکی جدی بکرێت چونکە ئەوەی تائێستاکراوە نەدەکرا ئەو هەمو ڕێگەپێدانانە ئەو هەمو هاتوچۆیە وبریارەکانیشمانداوە قەدەغەی هاتوچۆ هەبێ | هێزودەسەڵات |
| 32 | ئێمە 48 کاتژمێرمان داوە بە ئیدارەکان لەبەیانەکەش لەبڕگەیەک ئاماژەمان پێداوە | هۆش |
| 33 | حەقیقەت ڕاگەیاندن بەشێکی سۆشیال خەلک تەنها خاڵی دەبینێ ئەو خاڵەی باسی ڕاگرتنی هاتوچۆدەکات خاڵەکانیتر نابینن ئاماژەی بۆکراوە بۆهەڵسەنگاندنی بابەتەکەیە | هۆش |
| 3/34<br>5 | ئێمە ئەم 48 کاتژمێرە بەکاردەهێنین دیراسەی دەکەین | هۆش/میتافۆر |
| 36 | بەرنامە و پلانی تۆکمە دادەنێین بۆ ئەوەی دوای ئەو 48 کاتژمێرە ئێمە چ جۆرە ئاسانکاریەک بکەین ئایا ئەو ئاسانکاریەی کەبەدلیڤەری دامانناوبو بۆ چێشتخانەکان بەرهەمی باشبوە | هۆش |
| 37 | ئێمە دەتوانین هەمان پرۆسەی دلیڤەری بۆ نانەواخانەکان دابنێین | سۆز |
| 38 | دەتوانێت دلیڤەری بۆ سوپەر مارکێتەکان دابنێین | سۆز |
| 39 | دەتوانین دلڤەری بۆ سەوزەوات دابنێین؟ | سۆز |
| 40 | بەڵێ دەتوانین بەڵام ناتوانین هەمو ئەوانە لەئیش دابن و پرۆسەکە جێجەجێبکەین | بەڵگە |
| 41 | بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغیەکە بۆ کەمکردنەوەی هاتوچۆ بۆ کەمکردنەوەی بەریەککەوتن ئێمە 48 کاتژمێرمان تەرخانکرد | هۆش |
| 42 | ئێمە دیراسەی داوا لە هاوولاتیان کرا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان تیمەکان پێشمەرگە ئاسایش برایانی ڕاگەیاندن رجاتان لێدەکەین وەک یەک تیم هاوکاربن بۆئەوەی بتوانین ئەم قۆناغە تێپەرێنین | ترس |
| 43 | ئێمە دەستکەوتی باشمان هەبو گەیشتونە زۆرباش لە کۆمەڵگایەک کە نزیکەی شەش ملیۆن نەفەرین ئێستا 214 حاڵەتی توشبونمان هەیە ئەم 214 ش زیاتر لە 17 حاڵەتی گەرانەوە ماڵی | هۆش |

| | | |
|---|---|---|
| 44 | ئێمە دو سەرچاوەی سەرەکمان هەبو بۆ توشبەون سەرچاوەیەکیان ناوچەیی بو بۆ هەرێمی کوردستان | هۆش |
| 45 | سەرچاوەیەکیش لە ولاتانی دەرەوە بەتایبەتی لەولاتانی ئەوروپا ئێستا بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە ئاشکرا دەبن دوای بانگەوازی وەزارەتی تەندروست بۆبەدواداچون لەسەر هەمو ئەو خەڵکەی لە 2/15وەو گەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان بەشێکیان لەو کەیسانە دەردەچن | بەڵگە |
| 46 | ئێمە مەترسیمان هەیە لە 2/15 وەو خەڵکێکی زۆر بەریەککەوتنی هەبو بێت خەڵکێک تێکەڵاویەکی هەبو بێت | ترس |
| 47 | لەیەک تاعزیە لەیەکێک لە گەرەکەکان 14 نەفەر توشبونە ئەوەئەنجامی بەریەکەوتنە | هۆش |
| 4/48 9 | ئێمەدەبێ سەرچاوەی ئەم بەریەککەوتنە کۆنترۆڵ بکەین | هێزودەسەلاَت/میتافۆر |
| 50 | ئێمەدەبێ ئیش لەسەر ئەو بابەتە دەکەین بۆیە ئێمە ئەو 48 کاتژمێرە پێویستمان بن هەبو بۆ ئەوەی پێداچونەوەیەکی دروستبکەین | هێزودەسەلاَت |
| 51 | ئێمە لە کوێین ئێمە چیبکرێت بۆ ئەوەی ژیان نەوەستێت وزیاتر خۆمان پارێزبن | هێزودەسەلاَت |
| 52 | لێتان ناشارینەوە ئێمە مەترسی ئەوەمان هەیە کەخەڵکێکی زیاتر لەناو کۆمەڵگا هەبوبن خەڵکێکی زیاتر بەرکەوتەی هەبوبێ بۆکۆنترۆڵکردنی باشتر سکرینکردنی باشتر لەڕێگای وەزارەت و تیمەکانی تەندروستی ئەو بریارەماندا | ترس/هێزودەسەلاَت |
| 5/53 4 | هەندێک لەبرایان و خوشکانی دکتۆر لەوانەیە جۆرێک دڵگران بوبن لەیەکێک لە برگەکان کەبابەتی وەرگرتنی ئیجرائاتە هەمومان مرۆڤین چ لەدەزگا تەندروستی بین، یان لە دەزگای ئەمنی بین | سۆز/میتافۆر |
| 5/55 6 | ئێمە وێرای دەستی خۆشمان بۆتەواوی دکتۆرەکان تەواوی بازگەکانی مەیدانیان راسپاردوە هەروەک چۆن پێشتر مامەڵەی ڕێکوپێک لەگەڵ تیمەکانی تەندروستی کراوە بەهەمان شێوە ڕێکوپێکو بەرێزەوە مامەڵە بەردەوام دەبێ | هێزودەسەلاَت/سۆز |
| 57 | هیچ دکتۆرێک لەئیشکردن راناگیرێ | هێزودەسەلاَت |
| 58 | هیچ دکتۆرێک دەستگیرناکرێ | هێزودەسەلاَت |
| 59 | ئەوەی هەیە بۆئەو خەڵکەیە کەلە پەنای ئەوناوە پیرۆزەوە دەیەوێ بۆبەرژەوەندیەکی بچوک سوء ئیستفادە لەپێناسەیەک بکات | هێزودەسەلاَت |
| 60 | بۆیە ئێمە داوامان لەوەزارەتی تەندروستی کردوە لە ژوری ئۆپۆراسیۆنەکان کە لەمەوپاش خشتەی ئیشگیری پزیشکەکان ئامادەبکرێت لە هەمو خەستەخانەکانە | هێزودەسەلاَت |
| 61 | هەروەک چۆن لەوەزارەتی پێشمەرگە و پۆلیس داوامانکردوە خشتەی ئێشگر بۆ ئەوەی بزانین کێ لەئەرکە و کێ لەئەرکدا نییە | هێزودەسەلاَت |
| 62 | ئێمە هەزاران خەڵکمان هەیە لەو سێکتەرانەی لەئیشدان، بەڵام هەمویان لەئەرک دانین | هۆش |
| 63 | پێویستە ئێمە ئەو سێکتەرانە لێک جیابکەینەوە و وەکو خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکەین بۆئەوەی کێشە نەبۆ ئەوان نەبۆ تیمەکانی تەندروستی بێنە پێش | هۆش |
| 64 | تیمەکانی مەیدانی ڕاگەیاندن هەروەک و پێشتر رامان گەیاندبو کە ئازادن بەڵام من دەمەوێ یەکێک لەسەرژمێریەکتان بدەمێ لەماوەی یەک کاتژمێر لەیەکێک لەخاڵەکانی داخیلبونی شاری هەولێر سەر ژمێریەک لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆ تیمەکانی زێرەڤانی کراوە لەیەک کاتژمێردا لە 600 ئۆتۆمبێل 99مان ڕۆژنامەنوس بونە ڕاگەیاندکاربون 120 و هەندەی دەزگای ئەمنییەکان بۆ 100 ونازانم چەندەی تیمەکان تەندروستی بوە | بەڵگە |
| 6/65 6 | ئێمە وتومانە ڕاگەیاندن ئازادە بۆ گەیاندنی پەیامی ڕاستەقینە | سۆز/میتافۆر |

| | | |
|---|---|---|
| 67 | ناکرێت هەمو خەڵک لە جوڵەدابن | هێزودەسەڵات |
| 6/68 70/9 | ئێمە هەزاران خەڵکمان هەیە لەسەر ڕۆژنامەنوسان لە پێش هەروەها ڕاگەیاندنەکان لە ڕۆژنامەیە گۆڤارەکە بەشێکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە دەرچون ٤.٧دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕاوەستاون پێویستە ئەوەش سەندیگای ڕۆژنامەنوسان تیمەکانی ڕاگەیاندن بەسوپاس هەتا ئێستا هاوکار بونە داواتان لێدەکەم هاوکاری زیاتر بکەن | هۆش/ سۆز/دوبارە |
| 71 | بریارمانداوە کەتیمەکانی ڕاگەیاندن دەگەنە شوێنی پشکنین پشتگیری دامەزراوەکەیان هەبێ کە ئەم تیمە ڕێگەپێدراوە لەفلان کەناڵی یاخود ڕۆژنامەوانی ڕیگە پێدراو | هێزودەسەڵات |
| 72 | بەداخەوە هەمو ئەو پیناسانە بەکارهاتون بۆئەرکی جیاواز ئێمە دەرگا کراوەیە بۆهەمو ڕاگەیاند ارک هەمو تیمێک کە هاوکاریمان بکات چونکە تەواوی ئەو ئیشەی ئێمە دەیکەین ڕەنگدانەوەی لەڕێگای ئێوەیە | سۆز |
| 737 4 | پەیوەندی نێوان ئێمەو هاوولاتیان لەڕێگای ئێوەیە ئێوە سەرچاوەیەکی دروستن ڕێگە پێدراون بۆگەیاندنی راستییەکان وگەیاندنی پەیامی خەڵک | سۆز/دوبارە |
| 75 | زۆر سوپاستان دەکەم لەئەو ئەرکە پیرۆزە | سۆز |
| 76 | هەتا ئێستا باش هاوکار بونە تکادەکەم لەمەودواش هاوکاریمان بکەن | سۆز |
| 77 | بابەتێکیتر کە هەندێ لە تیمەکانی دبلۆمات و قونسوڵخانەکانیش بۆئەو 48 کاتژمێرە هاتوچۆکانیان سنوردارکراوە | هێزودەسەڵات |
| 78 | دەکرێ لەڕێگەی فەرمانگەکان کارئاسانیان بۆ دەکرێ | سۆز |
| 79 | ئەو بریارەکانی تەنها بۆ 48 کاتژمێرە ئەگەر هاوولاتیان هاوکاربن بەتایبەتی لەگەرەکەکانی دور لەناوەندەکانی شارەکان. | هۆش |
| 80 | ئێمە دەزانیت خەڵک بارودۆخی ژیانیان سەختبوە | سۆز |
| 8/81 2 | خەڵک ژیانیان لەدەستداوە شوێنی گەران و حەوانەوەی وەکو پێویست نەبێت بەتایبەتی لەگەرەکەکانی دور لەناوەندەکانی شار ژمارەی دانیشتوان لەناو خانویەک ڕەنگە زۆر بێت پێویست بکات جاربەجار نەفەسێک بکێشن | سۆز/دوبارە |
| 83 | مەترسیەکە گەورەترە لەوەی ئێوە تەوەقیعی دەکەن | ترس |
| 84 | تکامان وایە هاوکاریمان بکەن | سۆز |
| 85 | ئێمە هیچ مەبەستێک لە پەنای ئەوە نییە قوتی خەڵک سەرچاوەی داهاتی حکومەت ئاڵوگۆری بازرگانی جموجۆلی بازرگانی هاتوچۆی خەڵک بۆ قوتابخانە بۆ دەوام بۆسەر کارگەکان بۆسەر پەلەوەرگەکان بۆناو کشتوکاڵیان بۆناو مەزرەعە ئێمە دەبێ چ سودێک ببینین | هۆش |
| 86 | حکومەتی هەرێمی کوردستان زەرەمەندی سەرەکی لەو هەمو ئەو پرۆسەیە حکومەتی هەرێمی کوردستانە | دوبارە |
| 87 | ئێمە هەروەکو پێشتر گوتمان لەنێوان دو هەڵبژاردندابوین ئایا ئێمە تەندروستی سەلامەتی کۆمەڵگا بپارێزین؟ | هۆش |
| 88 | یاخود داهاتو جموجۆلی بازرگانی و ئەو سێکتەرانەی ژیان بپارێزین؟ | هۆش |
| 9/89 0 | ئێمە قوربانیمان بەوەی دوەم داوە هەڵبژاردەی سەرەکی ئێمە پاراستنی خەڵک بوە | هۆش/میتافۆر |
| 91 | ئەم پاراستنە بەتەنها ناکرێ ئەوەی ئێمە دەیکەین هیچ منەتی تێدانییە ئەوە ئەرک و واجبی | سۆز |
| 9/92 3 | ئێمە خۆمان بەخزمەتکاری ئێوە دەزانین | سۆز/میتافۆر |
| 94 | چاوەرێینە بەشی هەرە زۆری خەڵک هاوکاربونە | هۆش |
| 95 | داوا دەکەین هاوکار وهاوکاری باشتری ئێمەبکەن | سۆز |

| | | |
|---|---|---|
| 9/96 7 | بۆ ئەوەی بتوانین ئەو یەکدو هەفتەیەش بەسە بڵندی و بەسەربەرزی لێیدەربچین | هۆش/میتافۆر |
| 98 | بەتاکید ناتوانین ئێمە هەناسەر بەم شێوەیە بەردەوام بین | هۆش |
| 99 | دەبێ دەرفەرن بەیەکتری بدەین | سۆز |
| 100 | دیراسە هەڵسەنگاندن بابەتەکە بکەین | هێزودەسەڵات |

پاشکۆی (3) ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ژ | نمونەکان | جۆری ڕازیکردنەکە |
|---|---|---|
| 1 | ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی ئەمڕۆ بەشداربوین لەکۆبونەوەیەکی فراوان هاوشێوەی کۆبونەوەکانی ڕۆژانی پێشو لەگەڵ بەڕێزان پارێزگارەکان سەرپەرشتیاری ئیدارەکان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان | بەڵگە |
| 3/2 | بەرێزان دیسان جەختمان لەوەکردەوە کەبریارەکان جێگای خۆیان گرتوە وپێویستی بەتوندوتۆڵکردنی کۆمەڵێک بریاروڕێکاریتری پێویستەکەلەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لەهەمو شوێنەکان لەهەرێمی کوردستان | دوبارە/هێزودەسەلات |
| 4 | ئەم ڕێکارانە زۆر بەباشی بەرێوەچوە چۆتە بواری جێبەجێکردن ئەوەی ماوە لەسەر هاوولاتییە | سۆز |
| 5 | بەرێزان ئێستا ئێمە تەنها لەقۆناغی خۆپارێزی دانین | سۆز |
| 6 | ئێستا ئێمە لەسێ قۆناغداین | هۆش |
| 8/7 | قۆناغی خۆپارێزی بۆ ئەوەی توش نەبین | هۆش/سۆز |
| 9 | قۆناغی کۆنترۆڵکردن ئەوەی کەتوشبوە نەبێتەهۆکاری بڵاوبونەوە | سۆز |
| /10 /11 12 | قۆناغی چارەسەرکردن ئەم خۆشەویستانەی کەنەخۆشن، یان هەڵگرانی ئەم ڤایرۆسەن | هۆش/سۆز/دوبارە |
| 13 | بۆیە پێویستی بەهاوکاری هاوولاتیان هەیە لەگرنگترین قۆناغ کە قۆناغی خۆپارێزی و کۆنترۆڵکردنە | سۆز |
| 14 | هیواداریین کەهاوولاتی هێشتا بەجدی وەکو وەزیری ناوخۆ گوتی ئەم نەخۆشیە وەربگرێ | هێزودەسەلات |
| 15 | چونکە ئاسانەوزۆر ساکارە خۆمانی لێبپارێزین | سۆز |
| 16 | تەنها بەدورکەوتنەوە لەشوێنی قەرەباڵغ | هۆش |
| 17 | هاوولاتی کەلەماڵ دەردەچی ئێستا پشوە پرسیارلەخۆی بکات بۆچی دەردەچێ؟ | بەڵگە |
| 18 | ئەگەر پێویست نییە ئەو دەرچونەکەی گرنگ نییە لەسەر گوزەرانی ژیانی پێویست بەدەرچون ناکات پێویست بەمانەوەی پێویستی بەو قەرەباڵغییە نییە | بەڵگە |
| /19 20 | بەداخەوە دوێنێ لەتورە کۆمەڵایەتییەکان لەهەندێ شوێنی وەک کافتریا لەهەرێمی کوردستان بینیمان لەشاروشارۆچکەکانی بەداخەوە کەئەم بەریەککەوتنە وئەم تێکەڵاوبونە | ترس/دوبارە |
| 21 | لەکاتی ئێستادا ئێمە بەدوای ڤایرۆسەکە دەگەرێین | ترس |
| 22 | پێویست بەوە دەکات کەهاوولاتی ئەگەر زانیاری پێویست و تەواویان هەیە لەسەر ئەوکەسانەی لەولاتانی توشبو گەراونەتەوە بەتایبەتی ئێمە کە سنورێکی فراوانمان لەگەڵ ولاتی ئێران هەیە | سۆز |
| 23 | لە ئێستا بەولاتە هەرە زۆرەکان ژمارەی توشبوان دادەنرێ | ترس |
| 24 | ئێمە ئەو ژمارە نەخۆش وهەڵگرانەش دواتر لەراگەیەنراوێک رایگەیانین بۆئەوەی کەسانی بەرکەوتو | بەڵگە |
| 25 | وەکو بینیتان ژمارەی حاڵەتەکانی لەهەرێمی کوردستان بریتین لەو کەسانەی زیاتریان بەرکەوتەی ئەو توشبوانەن و هەڵگران بونە | هۆش |
| /26 /27 28 | هیواداریین ئەو کەسانەی بەرکەوتەبون یان لەگەڵی دابوە یان ماوەتەوە لەگەڵی هەرچەندە ژمارەیەکی لە خانەوەدەکانیان لەو کەسانە هێنراون بۆ تێستکردن و لەکەرەنتین بەلام هیواداریین | هۆش/دوبارە/ترس |

| | | |
|---|---|---|
| | ئەو کەسانە خۆبەخشانە خۆیان بێن کەبەرکەوتەی ئەو کەسانە ئەو توشبوانەبون بەداخەوە لەگەڵ ڕیزمن بتوانن تێستی خۆیان بکەن | |
| 29/ 30 | بەڕێزان بڕیارەکانی ئەمرۆ جێگای گرنگییە بەتایبەتی بەردەوامبونی دواتر بەرێزجەنابی پارێزگاری هەولێر زیاتر ڕێکارەکانی لە هەموی گرنگتر بەردەوام بونی پرۆسەی کەرەنتینکردنە | دوبارە/سۆز |
| 31 | بۆ ئەو کەسانەی کە لەدەرەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ولاتانەی کە بریاردراوە بەتایبەتیش پیشنیازمان کردوە کە ژمارەی ولاتەکان زیادتربکرێ | هۆش |
| 32 | کە دواتر ڕەنگەلەلایەن وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن بڕیاری پێویست بۆ هەمو ئەو ولاتانە بدرێ | هێزودەسەلات |
| 33 | ئێستا کەژمارەی توشبوانیان زۆرە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان چ لە دەروازە سنوریەکان چ لەفرۆکەخانەکان | ترس |
| 34/ 35 | بۆئەوەی پرۆسەی کەرەنتینەکردن پێویست دەبێ پرۆسەی کەرەنتینەکردن دیراسە دەکری کەرەنتینەکردن تێستدەکرێ | ترس/دوبارە |
| 36/ 37 | هەمو ئەوانەی کەلەکەرەنتینەکردن تەواودەبن تەواو بەتەواوەی دڵنیابین لەوەی کەس ماوەو جیاکراوە لەژێر چاودێری پزیشکیدا سەلامەتەو دورە لەم ڤایرۆسە ئینجا | سۆز/دوبارە |
| 38 | من داواکاریەکم هەیە ئەمرۆ لێرەدا لەرێگای ڕاگەیاندکارەکان رایدەگەیەنین ژمارەیەکی زۆر لەو هاوولاتیانەی کە گەراونەتەوە ناوخانەوادەکانیان لەکەرەنتین بون پێشتر تکایە چاودێری رەوشی تەندروستی خۆیان بکەن | هێزودەسەلات |
| 39 | ئەگەر بکرێ لەناو ماڵەکانی خۆیان لەژێرچاودێری تەندروستی لەگەڵتیمەکانی تەندروستی لەسەرهێلن | هێزودەسەلات |
| 40 | ئەگەر خوانەخواستەبکرێ هەرنیشانەیەکی هەبێ ئەوادەتوانی پەیوەندی بکات بەژمارە 122 کەئێستا لەهەرێمی کوردستان ژمارەی سەرتاسەریە بۆ پەیوەندیکردن بۆ بەرنامەی کۆنترۆلکردنی کۆرۆنا | ترس |
| 41 | ئەو کەسانەی داوایان لێدەکەین کەلە کەرەنتین دەچنەوە ماڵەوە تکایە هاوولاتیان پێویستی بەسەردان و بەسەرکردنەوەناکات چونکە لایەزال پێویستی بەوەیە لەژێر چاودێری تەندروستی دابێ | ترس |
| 42 | وەکوبینیتان لەهەندێ ولاتان لەدوای 14 رۆژیش حاڵەت هەبو بەپۆزەتیف دەردەچو | هۆش |
| 43 | بڕیاردرا کەرشاندن و خاوێنکردنەوەی شوێنی پێویست بەتایبەتی ناوبازار و شوێنە میللیەکان ئەو شوێنانەی کەپێویست بێ لایەنە ئیداریەکان بەردەوام دەبن بەتایبەتیش بەرێوەبەرایەتیە گشتییەکان لەهەمو پارێزگاکانمان ڕاگەیاندوە کەهەڵمەتێکیتری هەرچەندە ئەم هەڵمەتە رۆژانە دەکرێ لەبەرنامەی کۆنترۆلکردنی پیسبون یان ئیفێکشن | هێزودەسەلات |
| 44 | هەڵمەتێکی پاکتاوی نەخۆشخانەکان وهەمو نۆرینگەکان بکەن | هێزودەسەلات |
| 45 | لەم ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر لەهاوولاتیان سەردانیان کردون | ترس |
| 46 | ئەونەخۆشانەی کەئێستا لەژێر چاودێری تەندروستیدانە بەرەوشێکی گونجاو زیاتریش چاودێری تەندروستیان بۆ بکرێ | سۆز |

پاشكۆی (4) ستراتیژیەتی ڕازیكردن لەگوتاری پارێزگاری هەولێر

| ژ | نمونەكان | جۆری ڕازیكردنەكە |
|---|---|---|
| 1 | ئێمە ئەمڕۆ كۆبوینەوە بۆدۆزینەوەی میكانیزمی جێبەجێكردنی ئەوبڕیارانەی دوێنێ لەكۆبونەوەی وزاری دەرچوبون وبڕیارەكانی پێشوتر وهەڵسەنگاندنی ئەو دۆخەی ڤایرۆسی كۆرۆنا پێویستە چ بڕیارێكیتر دەرچێت ئەمڕۆ گەیشتینە چەند خاڵێكی گرنگ | هێزودەسەڵات |
| 2 | دەستبەجێ قایمقامیەتەكانمان دامودەزگاكانمان ڕاسپارد بۆئەوەی ئەوبڕیارانەی لەكۆبونەوەی ئەمڕۆ دەرچون جێبەجێبكرێن | هێزودەسەڵات |
| 3 | دەمەوێت پێش خوێندنەوەی بڕیارەكان دڵنیایەک بدەمە دانیشتوانی سنوری پارێزگای هەولێر | سۆز |
| 4 | هیچ ئەزمەیەكی كڕین یان كەمبونی كەلوپەلمان نییە چونكە هەم لەمەرزی حاجی ئۆمەران ئەو حەرەكە بازرگانیەی هەبوە وەكو خۆی بەردەوامە تەنها ئێمە تەنزیمان كردوە لەڕوی تەندروستیەوە ڕێكمان خستوە | هۆش |
| 5 | كە سەلامەتی هاونیشتمانیان پارێزراوبێ تەنانەت لەگەڵ پارێزگاكایتری عێراقیش لە بازگەی شێراوە ئێمە ساحەیەكمان داناوە لەوێ تبادولی باردەكرێت | هۆش |
| 6 | ئەوەیتر كە ئەمڕۆ لەم كۆبونەوەیە قەرارماندا ئێمەبەجدی مەسەلەی كەرەنتینەكردن | دوبارە |
| 7 | ئەو ڕێوشوێنانەی كە خەڵكێک ئەگەر بە قاچاغ داخیل بوبێ یان لە مەرزی مونزریە هاتبێ یان لەهەر شوێنێكی دیكە هاتبێ یان لەمەتاربێت یان لەحاجی ئۆمەران بێت بەڕێوشوێنێكی زۆرتوند | هێزودەسەڵات |
| 8 | بەردەوام دەبین لەسەری ڕێژەی كەرەنتین لە پارێزگای هەولێر لە 1400 نەفەری تێپەراندوە | هۆش |
| 9 | بەشی هەرە زۆری ئەمانە گەڕاونەتەوە ناوماڵەكانی خۆیان | بەڵگە |
| 10 | نزیكەی500كەس ئێستالەكەرەنتینەكان سنوری پارێزگای هەولێر لەماونەتەوە | هۆش |
| 11 | بەنسبەت سنوری حاجی ئۆمەران ئێمە ڕیوشوێنی توندمان داناوە هەم لەوانەی دەچنە ئەودیو هەم ئەوانەی دێنە ئەودیو بەرەچاوكردن و تەتبیقكردنی ئەو ڕیو شوێنە ئەمنیانەی تەندروستیانە | هێزودەسەڵات |
| 12 | ئێمە دەتوانین و سەلامەتی هاونیشتمانانیانمان بپارێزین | سۆز |
| 13 | لەمەودوا ئێمە بڕیارماندا كەهەمو كافتریاكان و هەموچایخانەكان دابخرێن | هێزودەسەڵات |
| 14 | هەمو شوێنە جەنجاڵەكان بازارە میللیەكان ئەو بازارانەی كە هەبوە دەسەڵاتمان داوەتە قایمقامەكان كەهەڵسەنگاندنی بۆبكەن | هێزودەسەڵات |
| 15 | هەرشوێنێک جەنجاڵی تێدایە ڕێوشوێن ئیجرائەت پێویست دەگرنەبەر | هێزودەسەڵات |
| 16 | بڕیارماندراهەمو ڕێستۆرانتەكان وچێشتخانەكان تەنها بۆیان هەیە بەدلیڤەری بەسەفەری خواردن بفرۆشن ئەگینا وەكوترهەمو دادەخرێت لەڕۆژی 14 مانگ بەدواوە | هێزودەسەڵات |
| 17 | هیوادارین هەمو چێشتخانەكان و ڕێستۆرانتەكان هەمویان پابەندبن تەنها بۆیان هەیە بەدلیڤەری بەسەفەری خواردن بدەنە هاونیشتمانیان | هێزودەسەڵات |
| 18<br>19 | سەبارەت بە هەمو شوێنەكانیتری سەربرخانەو مەیدانی ئاژەڵان وئەمانە ڕێوشوێنی توندداناراوە دواترقایمقامەكان پەخشیدەكەن دەبێ هەمو لایەک پابەندبن پێی | ترس/<br>هێزودەسەڵات |
| 20 | لەمەودوا ڕێگە نادەین هیچ كەسێک لەسەر شوێنە گشتییەكان لەسەرجادە تەنها دەبێ مۆڵەتی تەندروستی ڕەسمی هەبێ دەتوانێ گۆشت بفرۆشێ یان مریشک بفرۆشێ ئەگەرنا ئەوانەیتر هەمویان دادەخرێ | هێزودەسەڵات |

| | | |
|---|---|---|
| 21 | پێشەنگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ڕۆژی هەینی دادەخرێ | هێزودەسەلات |
| 22 | دەسەلاتمان داوەتە قایمقامیەتەکان ئەگەر ڕۆژەکانی تریش جەنجاڵی هەبێ ئەوانیش دابخەن | هێزودەسەلات |
| 23 | بەهەمان شێوەش بۆشوێنەکانی دۆلار فرۆش بۆ بازارەکانیتری قەرەباڵغ هەموڕێوشوێنێک دانراوە | هێزودەسەلات |
| 24 | جەنابی وەزیر باسیکرد کەمپی پەنابەران سجنەکان شوێنی بەسالاچوان شوێنەکانیتری نەوجەوانان ئەمانە ڕێوشوێنی توندمان داناوە | ترس |
| 25 | ڕێوشوێنی توندمان داناوە بۆ کەمپەکانی پەنابەران لەدخولیەو خروجییە لەئیجرائاتی ئەمنی لەتەحقیق لەتەعقیم لەهەمو ئەوانەبۆئەوەی ڕەچاوبکرێ | ترس |
| 26 | لەوکۆبونەوەی ئەمرۆ ئێمە ئەو بریارانەی کەداومانە سەبارەت بەرێکخستنی بازار بەپاکوخاوێنی | هێزودەسەلات |
| 27 | هەرلەم کۆبونەوەیەش ئێمەداوامان لەهەردوجەنابی وەزیری ناوخۆو تەندروستی کرد لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەرەچاوکردنی دۆخی خەڵک کەئەوانەی شوێنەکانیان داخراوە کرێ خانوچ ئەوانی کرێچی حکومەتن چ ئەوانەی مالکیان هەیە کرێچی خەڵک بن لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بریاری پێویستیان لەمبارەوە بدرێ ڕێژەی کرێ داشکانی بۆبکرێ | سۆز |
| 28 | لێرەوە جارێکیتر ئێمە داوا لەئەنجومەنی وەزیران لەجەنابی سەرۆکی حکومەت دەکەین ئەم بابەتە بەهەند وەربگرێ چونکە لەئەنجامی ئەوبریارانەی ئێمەداوامانە لەداخستنی هەمو ئەو شوێنانە بەتاکید خەڵکیکی زۆر زەرەرمەند دەبی | سۆز |
| 29 | جارێکیترئەم داوایە دوپاتی دەکەینەوە چەندین وردەکاریترسەبارەت بە فرۆکەخانەکان داخیلبونی خەلک کەرەنتینەکردن ئەمانە خراوەتە بەدەمی وەزیری ناوخۆ بۆئەوەی تاوتوێبکرێ بکرێ بریاری پێویستی لەبارەوە بدرێ | دوبارە |
| 30 | ئێمە جارێکیترلێرەوە وەک پارێزگاری هەولێر دڵنیای هاوولاتیانی شارەکەمان دەکەین شەورۆژ دەخەینەسەریەک لەپێناوی پاراستنی تەندروستی هاوولاتیان | سۆز |
| 31 | داوا لە هاولاتیان دەکەین ئەورێنمایانەی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ ئەنجومەنی وەزیران دەردەچن | هێزودەسەلات |
| 32 | تکایە تەتبیقی بکەن | هێزودەسەلات |
| 33 | تکایە لەماڵەکانتان بمێننەوە | هێزودەسەلات |
| 34 | تەنها دوهەفتەیتر ئێمە دەتوانین سەرکەوتنی خۆمان بەسەر ئەو نەخۆشییە ڕابگەیەنین | میتافۆر |
| 35 | منیش وەکو هاورێکانم هەردو جەنابی وەزیر تەکید دەکەمەوە کە نەورۆز نەکەن | هێزودەسەلات |
| 36 | لەماڵەوە بمێننەوە | هێزودەسەلات |
| 37 | بۆئەو مەبەستەش ئێمە ڕێوشوێن پێویست دەگرینەبەر | هێزودەسەلات |

پاشکۆی (5) ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری پارێزگاری سلێمانی

| ژ | نمونەکان | جۆری ڕازیکردنەکە |
|---|---|---|
| 1 | بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموی درێژکردنەوەی ماوەی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە سعات 12 ی ئەم شەوەوە تاکو سەعات 12ی شەوی 3/23 بەردەوام دەبی | هێزودەسەڵات |
| 2 | ئەمجارە بۆ سەرتاسەری هەریمی کوردستان دەبی بەهەمو یەکە کارگێریەکانی سنوری پارێزگاکەی ئیمەو هەمو کوردستانەوە | هێزودەسەڵات |
| 3 | ئەو ماوەی کە ڕیی پیدراوە بەو مەرجانەی کە ژوری ئۆپەراسیۆن وبە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بریاری لیدراوە لە سعات 1 شەو بۆ سعات 6ی بەیانی دەبیَ | هێزودەسەڵات |
| /5/4 6 | ئەوکەسانەش تەنها دەبیَ یەک کەس لە ئۆتۆمۆبیلێکدا هەبیَ واتە عملیەی قەدەغەی هاتوچۆ بۆ ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری خەڵک کۆنەبنەوە کە ئیمە(5) کەسمان کردە ئۆتومۆبیلێکەوە کەواتە هیچمان نەکردوە بۆیە لەیەک کەس زیاتر ڕێگەی پێنەدراوە | هێزودەسەڵات/هۆش/سۆز |
| 7 | ئەم ئەرکانە جێبەجیَ ئەکات هەمو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەگرێتەوە | هێزودەسەڵات |
| 8 | داوا لەکەرتی تایبەت دەکەم ئەبیَ زۆر ورد پابەندی ئەمە بن | هێزودەسەڵات |
| 10/9 | لەم ماوە تا 3/23 هیچ شوێنێک نابیَ دەوام بەکارمەندەکانی بکات چ لەکەرتی گشتی چ لە کەرتی تایبەت | هێزودەسەڵات/هۆش |
| 11 | تەنها ئەو شوێنانە نەبیَ کە لەم بەیاننامەی پێشودا لە ڕاگەینراوی لیژنەی ئۆپەراسیۆنی سلێمانی کەرتەکانی کارەباو ئاو ئەنتەرنێت کۆمیونێکێشن نەخۆشخانە تایبەتەکان نەخۆشخانە گشتیەکان شارەوانی ئەوانەی لە ئەرکان ئاو کارەبا دیاریمان کردوە. لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ئەرکان | هێزودەسەڵات |
| 12 | هەرلایەک پابەندنەبیَ بەڕاستی لەڕێی بەڕێز داواکاری گشتیەوە ئیجرائاتی توندیان بەرانبەر دەکرێبەر | هێزودەسەڵات |
| 13 | داوا لە خەڵکی دەکەین بەهیچ جۆرێک پەنا بۆ ڕێگای قاچاخ نەبا چونکە وەکو تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ دەکریَ ئیجرائاتی توندیان بەرانبەر دەکریَ | هێزودەسەڵات |
| 1/14 5 | هەر ئەمڕۆ بە ئامادەبونی بەڕێزیان بۆسەرتارسەری هەریمی کوردستان هێلی گەرمی 122 لەهەمو هەریمی کوردستان کاردەکات هاولاتیان دەتوانن لەماڵی خۆیانەوە بەهەر هێلیکیان هەبیَ لیرە پیویستە سوپاسی کۆمپانیاکانی ئاسیا سێل بکەین کۆرەک بکەین ئایڤیو بکەین پاتێست بکەین کەئیشەکەی کردوە زەین بکەین کورد تێل بکەین کە هەمویان لەسەر ئەم ژمارەیە کە سەرۆکایەتی حکومەتی دیاریکردوە ئەم سیستەمە دەکەوێتە کار | بەڵگە/هۆش |
| 16 | دەتوانن لەماڵەکانی خۆیاتانەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تیمە پزیشکیەکان بکەن | هێزودەسەڵات |
| 17 | هەمو سەرمایەدارەکانی سلێمانی بەشی هەرە زۆری خەڵک هەڵمەتێکی گەیاندنی خۆراکیان بەو خێزانانەی کە دەرامەتیان کەمە | بەڵگە |
| 18 | ئەم دۆخە کاریگەری لەسەر بژیویان دروستکردوە پەناهەندەکان ئاوارەکان ڕاگەیاندوە | سۆز |
| 19 | ئێمە وەک لیژنەی ئۆپەراسیۆن و حکومەتیش جگە لەوەی حکومەتیش بڕیاری دابینکردنی کەمییەکی زۆری خواردن و دەرمان و سوتەمەنی وپێداویستییەکانی هەیە و چەند مانگێکە کاری لەسەر کردوە بەردەوام دەبیَ | دوبارە |

| | | |
|---|---|---|
| 20 | تكایان لێدەكەین بۆئەوەی بگات بەدەستی ئەوخێزانانەی كەپێویستیان بەوەبارودۆخانە هەیە. | هۆش |
| 21 | هەمو تێبینیەكانی تر ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ تەندروستی وئەنجومەنی وەزیران كراون | سۆز |
| 22 | بە پشتیوانی هەمو لایەكتان بتوانین ئەو ڕۆژە كەمانەی كە ماومانە زۆری ڕۆیشتووە كەمی ماوە بەو هەوڵ پێداگری و پابەندی و پەیڕەو كردنی ڕێنماییانەی لە ڕابردو كردوتانە تەواوی بكەین. | سۆز |

پاشکۆی (6) ستراتیژیەتی ڕازیکردن لەگوتاری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی

| ژ | نمونەکان | جۆری ڕازیکردنەکە |
|---|---|---|
| 1 | دو ڕێگە هەیە لەبەردەم خەڵکا | هۆش |
| 2 | ڕێگەیەکیان ڕێگەی یەکە کەخۆپارێزییە | هۆش |
| 3 | برواو چاوت داخاو نەترسێ | میتافۆر |
| 4 | خۆی بپارێزی دڵنیابن کۆرۆنا لەشاری سلێمانی هیچ زیانێک ناگەیەنێت | هۆش |
| 5 | ڕێگەی دوەم کە پابەندنەبونە بەرێنمایەکان | هۆش |
| 6 | ئەوە بەدڵنیایەوە بترسن | ترس |
| 8/7 | ترسی گەورەشتان هەبێت | ترس/میتافۆر |
| 9 | وەکو ئەو وڵاتانە ڕایانەگەیاند چاوەڕێبن کەسی ئازیزتان بمرێ | ترس |
| 10 | چاوەڕێبن خۆتان بمرن | ترس |
| 12/11 | چاوەڕێبن جەستە لەسەر جادەکان ببینن ئەگەر پابەند نەبن لەڕێنماییەکان | ترس/میتافۆر |
| 13 | بۆیە پەیامەکە ڕونە | سۆز |

پاشكۆی (7) ستراتیژیەتی ڕازیكردن لەگوتاری سەرۆكی سكوڵی پزیشكی زانكۆی كۆیە

| ژ | نمونەكان | جۆری ڕازیكردنەكە |
|---|---|---|
| ½ | منیش وەک هاوەڵە پزیشكەكانم لە سەرەتای ئەو پەتایە جیهانییە نەتۆقیبوم، چونكە دەمزانی تێكەڵاویمان زۆر نییە لەگەل چین و دەشمزانی چین گەورەترین كارگەكانی پێداویستی پزیشكی هەیە بۆیە كۆنترۆلكردنی ئەستەم نییە | بەڵگە/دوبارە |
| 3 | لەگەڵ ئەوەش دڵخۆشبوم بە هەنگاوە سەرەتاییەكانی حكومەتی هەرێم بە كەرەنتینی هاتوەكان لە چین | سۆز |
| 4 | دواتر هاوكێشەكە گۆڕا، گۆرانێک كە هەمومانی شۆک كرد | سۆز |
| 5 | ترسی ئێران لە چین زۆر گەورەتر و ترسناكترە بۆ؟ | ترس |
| 6 | ئێران توشبو | هۆش |
| 7 | ئێران سیستمە سیاسییەكەی پڕ لە كێشەیە، بوەش لە یەكەم هەنگاوی بڵاوبونەوە بە دیاركەوت، | سۆز |
| 8 | كە هەواڵەكەی شاردەوە و هەڵبژاردنی دوانەخست بۆ ئەوەی نەبێتە عەیبەیەكی سیاسی، بەڵام بوە بە لەناوبردنیكی تەندروستی! | ترس |
| 9 | دوەم ئێران باری تەندروستی و ئابوری زۆر خراپە و توانای بەرەنگاربونەوەی هیچ شڵەژانیكی نییە | سۆز |
| 10 | سێیەم تێكەڵیی زۆری ئێران لەگەڵ نەجەف و كەربەلا كە ئەوانیش زۆر بە كەمی تاوەكو ئێستا خۆپارێزی لە كۆرۆنا دەكەن، ئەوانیش ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێمە تێكەڵییان هەیە | ترس |
| 11 | چوارەم تیكەڵیی بەردەوامی خەڵكی ئێمە و بونی ئەو هەمو ژمارە زۆرە خوێندكار و بازرگان وشوفێرەمان لە ئێران | هۆش |
| 12 | پاشان هەبونی حاڵەتی تۆماركراو لە ناو كوردستان بە تایبەت كە هەندێک حاڵەت گەشتی ئێرانیان نەكردوە و لە كەسی دیكەوە بۆیان گواستراوەتەوە | هۆش |
| 13 | دەترسین حاڵەتی شاراوەی دیكە هەبێت و هەست پێنەكرابێ و ئەویش خەڵكی دیكە توشبكات | ترس |
| 14 | ئەزیزانم هەمومان دەزانین سیستمەكەمان كێشە و كەموكوڕیی زۆرە | سۆز |
| 15 | و بەداخەوەش هۆشیاری تەندروستیی تاكەكانمان زۆر خراپە و تاوەكو ئێستەش زۆربەیان لە مەترسی پەتا و نەخۆشی نازانن | سۆز |
| 16 | شەڕی ئەوجارەمان لەگەڵ نەخۆشییەكە كە تاوەكو ئێستا لەسەر ئاستی جیهان وەكو كاری لەپێشینە بەدوای چارەسەردا ناگەڕین، بەڵكو بەدوای توشنەبونو خۆپاراستن دەگەڕێن | میتافۆر |
| 17 | بۆیە ئەزیزانم با ئێمەی كورد جوانترین نمونەی بەرەنگاربونەوەی ئەو پەتایە بین | سۆز |
| 18 | بە چەند هەنگاوێكی زۆر ئاسان؛ با نەچینە شوینی گشتی؛ با نەچین چێشتخانە و گازینۆ و كافتریا و مۆڵ و تەنانەت عیادە و نەخۆشخانەكانیش. ئەگەر زۆر حاڵەتێكی پیویست نەبێ | هۆش |
| 19 | مەرج نییە كەسەكە ئەو دەقەیە لەوێ بێت ڕەنگە پیش تۆ لەوێ دانیشتبێت، یان پشمینی هەبوبێ یان كۆكەی هەبو بێت و دەستی بە دەرگایەک یان شوێنێک كەوتبێت و تۆش دەست لە هەمان شوێن بدەیت | هۆش |
| 20 | با ئەو ماوەیە تەنانەت سەردان و بەسەركردنەوە خێزانییەكان كەمبكەینەوە | هۆش |

| | | |
|---|---|---|
| 21 | لە هەموشی گرنگتر کە ماڵەوە یاسا و ڕێسا تەندروستی و خۆپارێزییەکان تایبەت بە پاکو خاوینی بپارێزین | هۆش |
| 22 | ئەو جەنگە جەنگی مرۆڤ و دوژمنێکی نەبینراوە، | میتافۆر |
| 23 | بە دڵنیاییەوە مرۆڤ تیایدا سەرکەوتو دەبێ، | میتافۆر |
| 24 | بەڵام دەمانەوێ کەمترین قوربانی بدەین | میتافۆر |
| 25 | لە کۆتاییشدا باوەڕ و متمانە بەو پزیشک و کارمەندانە بکەن کە هەمو ژیانیان دەخەنە مەترسی بۆ ڕزگاربونی هەمومان | سۆز |